# ڕەنگ لە کۆمەڵە ئەفسانەی (هێلکەی نامێ)دا لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانییە

**د.امیر مسطو محمد**

بەشی شوێنەوار- کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەڵاحەددین- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**م.میدیا مراد محمدامین**

بەشی کوردی- کۆلێژی زمان- زانکۆی سەڵاحەددین- هەرێمی کوردستان/ عیراق

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ڕەنگ لە کۆمەڵە ئەفسانەی هێلکەی نامێ دایە مەبەست لێی خستنەڕووی ڕەنگە لەو کۆمەڵە ئەفسانەیە لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە. هەرچەندە لە بنەڕەتدا ڕەنگەکان تیشکدانەوەی تیشکن و بێلایەنن و هیچ واتا و پەیامێکیان لە خۆوە نەگرتووە کەچی لای تاکەکان و کۆمەڵگاکان و ئاینەکاندا بوونەتە هەڵگری واتا و پەیامی تایبەت بە خۆیان. لە ئێستاشدا وەکو نیشانە و ڕەنگدانەوەی باری دەروونی کەس و کۆمەڵگاکان سەیر دەکرێن. ئەوەی لێرەدا گرنگە لای ئێمە شۆڕبوونەوەیە بۆ ناو ناخی ئەفسانە کوردییەکان تا بتوانین تیایاندا ڕەنگەکان کۆبکەینەوە و تۆماریان بکەین و تاوتوێیان بکەین لەڕووی زمانەوە. ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە تیشکخستنەسەر ڕەنگ لە ئەفسانەدا کە تیایدا هەوڵ دەدەین ئەوە دەربخەین کە ئەو ڕەنگانە چین و بەنموونە کە لەو کۆمەڵە ئەفسانەی (هێلکەی نامێ)دا دەرکەوتوون و ئەفسانە کوردییەکانی ڕەنگ کردووە، هەروەها ئەو ڕەنگانەش کامانەن کە باون لەو ئەفسانانەدا و بەچڕی بەرچاو دەکەون و زاڵبوون بەسەر ڕەنگەکانی تردا لەهزری کۆمەڵگەی کوردیدا. توێژینەوەکەمان تەنیا بەرگی یەکەمی گرتووەتەخۆ بە هەردوو بەشی ٤٣ ئەفسانە بە شێوەیەکی کارەکی کاریان لەسەر کراوە وڕەنگیان تێدا دەرهێنراوە.

**وشە سەرسکییەکان:** *ڕەنگ لە زماندا، ئەفسانە، ڕەنگ لەئەفسانەدا، شیکردنەوەی ڕەنگەکان، ڕەنگی باو لە ئەفسانەی کوردیدا.*

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (ڕەنگ لە کۆمەڵە ئەفسانەی هێلکەی نامێ دایە مەبەست لێی خستنەرووی ڕەنگە لەو کۆمەڵە ئەفسانەیە لە ڕوانگەی زمانەوانیەوە.

## سنووری توێژینەوەکە

سنووری توێژینەوەکەمان تەنیا بەرگی یەکەمە کە ئەم بەرگەش بە دوو بەش وەکوو دوو کتێبی سەربەخۆ چاپ کراون. کە کۆی گشتی لاپەڕەکانی (٤٤٥) لاپەڕە، لەگەڵ ئەوەشدا لە بەرگی یەکەم بەشی یەکەمدا کە(٦٠)حیکایەتی بوو. تەنیا توانیمان سوود لە(١٩) دانە ئەفسانە وەربگرین چونکە هەندێکیان حیکایەت و بەسەرهات بوون و هەندێکیشیان ئەفسانە بوون،بەڵام ڕەنگیان تیادا نەبوو لە بەرگی یەکەم بەشی دووەمیش کە ئەویش (٦٣)حیکایەتی تێدابوو. تەنیا توانیمان سوود لە(٢٤) دانە حەکایەتی ئەفسانەیی وەربگرین هەر لەبەر ئەم هۆکارانەی کە پێشتر باسمان کردن.

## هۆی ئەنجامدانی توێژینەوەکە

لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا لەسەر ڕەنگ و لەسەر ئەفسانە توێژینەوە هەیە،بەڵام لەسەر ڕەنگ بێ و تایبەت کرابێ بۆ ئەفسانە بە تایبەتتریش لەسەر کۆمەڵە ئەفسانەی هێلکەی نامێدا ئەنجام نەدراوە بۆیە بە پێویستمان زانی توێژینەوەیەک لەم بوارە بکەین. ئەم لایەنە دەستنیشانبکەین لەناو ئەفسانەدا.

## گرفتی توێژینەوەکە

دەستنیشانکردنی ڕەنگە لە کۆمەڵە ئەفسانەی هێلکەی نامێدا و پۆلین کردنیەتی، تا بزانین ئەو ڕەنگانە کامانەن کە هاتوون لەناو ئەفسانەکانیدا و ڕێژەی دەرکەوتنی ڕەنگەکان چۆنە لە کۆمەڵە ئەفسانەیەدا.

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە

بریتییە لە پێشەکی و دوو تەوەرە کە لە تەوەرەی یەکەمدا ڕەنگ لە ڕووی زمانەوە خراوەتەڕوو لە لەتەوەرەی دووەمیشدا ڕەنگ لە کۆمەڵە ئەفسانەی هێلکەی نامێدا تاوتوێکراوە لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەنجامەکان و سەرچاوەکان و کورتەی باسەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

تەوەرەی یەکەم

١. ئاوەڵناو

أ. **پێناسەی ئاوەڵناو:**

بەشێکی ئاخاوتنە شێوە و جۆری شت پیشان دەدات وە بەکاتەوە نەبەستراوە، مرۆڤ زۆربەی نرخاندن و هەستەکان خۆی ڕاستەوخۆ بە ئاوەڵناو دەردەبڕێ. کە وەسفی بارودۆخ و کەس شت دەکات، مرۆڤ لە ڕێگەیانە هەست و هەڵوێستی خۆی پێ دەردەبڕێ (دزەیی، ٢٠١٤، ٧٧- ٧٨).

ب. **جۆرەکانی ئاوەڵناو:**

بەپێی لێکۆڵینەوە زمانەوانیەکان سێ جۆرە ئاوەڵناو لە زمانی کوردی دا هەیە:(ئەمین،٢٠٦،٢٠٠٤).

**یەکەم: جۆرەکانی ئەوڵناو لە ڕووی ڕواڵەتەوە:**

**١. ئاوەڵناوی بارستایی:**

ئەم جۆرە ئاوەڵناوە جووت جووت دەوەستن و پلە هەیە لە نێوانیان دا و لە پرسیاردا بێ لایەنن وەک (گەورە، بچووک، درێژ، کوورت). بۆ نمونە:

بەژن و بالایەکی جوان و قژێکی درێژی ڕەش و دوو چاوی سەوزی گەش (حەسەن ،٢٠٠٦،١٠٦ _١٠٧)

**٢.ئاوەڵناوی ڕەنگ:**

پێکهاتووە لە کۆمەڵێک ڕەنگ لە دەوری چەقێکدا کۆدەبێتەوە و بوارێکی واتایی پێکدێنن و ئەندامەکانیش لە نێوان خۆیاندا جیاوازن، هەروەها هەموو ڕەنگەکان ئاوەڵناوی چۆنیەتین واتە چۆنیەتی ناوەکە دەردەخات، کە ئاخۆ چۆنە، وەلامی پرسیاری(چۆن)، دەداتەوە، وەک: زەرد، سەوز، شین، ڕەش، سپی، مۆر، سور، خاکی، .... هتد،(دزەیی، ٢٠١٤،٧٨).بۆ نمونە: قولینچکی گچکەی (فاتمە) دەمژێ هەتا ڕۆژەک براکان دەرێن (فاتمە) ئەوە لۆ ئەوها زەرد و لاواز بووی) (حەسەن ،٢٠٠٦،١١٦- ١١٧).

**٣.ئاوەڵناوی ڕواڵەت:**

ئەم جۆرە ئاوەڵناوە تایبەتی کەس و شت دەردەخەن، هەندێکیان جووت جووت دەوەستن وەک (گران، هەزران، .... هتد)، هەندێکیان بەتاک دێن وەک: (ئازا، بەجەرگ، نەبەرد، ... هتد) و هنندێک هاووتایی گرێ یان دەدات وەک (چاک، باش)، هەندێکی تر دژواتایی گرێیان دەدات وەک (تاڵ، شیرین) ئەو ناوانەی کە وەک دیارخەر کاردەکەن بەهەمان شێوە هەڵگری چەمکی ئاوەڵناون وەک:

- ژنێکی ڕەشی ناشیرن منداڵێکی بە دەستەوە بوو. (ئاسکە:١٥٩)
- کچەکە گوارەیەکی (زێر)ی کڕی
- دوو منداڵی بوو کوڕەکە قاقۆڵ زێڕینە (سوڵتان مەحمود: ٧٥)
- کچەکە ددان مرواری (سوڵتان مەحمود: ٧٥)
- برایەکی قاقۆڵ زێڕین و ددان مراوی (سوڵتان مەحمود: ٧٦)

ڕادە هێزی کاریگەری ئاوەڵناو زیاتر دەکات ، وەک (هەموو، یەکجار، گشت، فرە، زۆر، .... ) چونکە ئاوەڵناوەکە بەرز دەکاتەوە،وەک:

- پیاوێکی ئیختیار ڕدێنی زۆر سپی بووبوو.(مام عەبدوڵڵا :٥٢)
- جا کوڕەکە خۆی زۆر سپی ڕادەگرێ (ئەحمەد و محمد: ٢٥)
- پاشا ئەم کوڕە زۆر سپی بوو بێزم نەهات بۆتی بێنم(ئەحمەد و محمد: ٢٥)
- دەیوت: پەنجەی بچوکت بمژم یان براکانت بکوژم، تا دەهات فاتمە خان لاواز تر و زەرد تر دەبوو، (حەوت برا: ٥٩).

هەندێ جووت و زنجیرە ئاوەڵناو بەجۆرێک دەچنە ناویەکتریەوە کە بەئارەزوو پاش و پێش ناکرێن، وتە یەک جۆر ریزبوونیان دەبێ . (فەتاح، ٢٠١٠، ٣١٦ ).

بۆ نمونە: تیر و شیر ، زەرد و سور ، سورو جوان ڕەش و سپی ، سپی و جوان،پاک وخاوێن، توندوتیژ، تێروپڕ، گەورە و بچووک، ژن و پیاو...

- تیر و شیر و هەناری وە هەمیینە ڕەش بوون. (میرزا ئەحمەد و میرزا مەحموود:١٩١)
- ئارەقەی زەرد و سور دەردەدەن لە شەرمان ئەڵێن: کەچەڵە گیان ئێمە کردمان تۆ نەیکەیت.(کوڕە کەچەڵ: ٤٥)
- (دەنکە هەنارە) چونکە وەکو دەنکە هەنارە سورو جوان بوو (دەنگە هەنارە: ٤٦)
- بوون بە چەند مەلێکی سپی و جوان هەڵفڕین و لە کۆشک دەرچوون(کچە ئازاکە: ٧٠)
- خوینەکەش دەشوا و دەبێتە مۆریەکی سپی و جوان،(مۆری: ٥٤)
- ئەو پاشایە کچەکەی هەموو شتێ بە ڕەش و سپی دەبینێ (مەحەمەد پاشا: ١٠٤)

له ریزکردنـــی ڕەنگەکانـــدا گـــوێ ڕاهـــاتن دەورێکـــی گرنـــگ دەبینـــێ بەتایبەتی،چونکە ڕەنگە سەرەکییەکان هەموویان لە درێژیدا چوون یەکن، دەبێ ئاگاداری ئەوەبـین کە هەنـدێ جـووت بـوون لێـرەدا بـوونەتە ئیـدیەم و هەڵناوەشـێنەوە (زەرد و سـور ڕەنگاوڕەنگ= ڕەش و سپی = بێ ڕەنگ ......)،(فەتاح، ٢٠١٠، ٢٠١٧ ).

منالێکی سوورو سپیە.

منالێکی سپی و سوورە.

کراسێکی سەوزو سووری لەبەردایە.

کراسێکی سوورو سەوزی لەبەردایە.

هەروەها دەگوترێ: سەورز و شین نەک شین و سەوز

ئاوەڵناوی ڕەنگ و ڕووالەت، یان ڕەنگ و بارستایی پێکەوە دێن بەزۆری ڕەنگ پێش دەکەوێ:

گۆمێکی شینی مەنگ.

گۆمێکی مەنگی شین.

ئەگەر ببنە دیارخەر بۆ ناوێک، ئەوا بەزۆری ڕەنگ دەچێتە پێشەوە و بارستایی دوای دەکەوێ ئاوەڵناوی رواڵەت دەچێتە کۆتایی:

گۆمێکی شینی گەورەی مەنگ لەنزیک ماڵەکەوە بوو..

گۆمێکی گەورەی شینی مەنگ لەنزیک ماڵکەوە بوو.

گۆمێکی مەنگی گەورەی شین لە نزیک ماڵەکەوە بوو.

لە کۆشکێکی شینی گەورەی شوشەبەند دا دەژی.

لە کۆشکێکی شوشەبەندی گەورەی شین دا دەژی.

سوخمەیەکی سوورو زەردی لەبەردابوو.

سوخمەیەکی زەردی و سوور لەبەردابوو.

بوون بە چەند مەلێکی سپی و جوان هەڵفڕین و لە کۆشک دەرچوون(کچە ئازاکە: ٧٠).

بوون بە چەند مەلێکی جوان و سپی هەڵفڕین و لە کۆشک دەرچوون(کچە ئازاکە: ٧٠).

ئارەقەی زەرد و سور دەردەدەن لە شەرمان.(کوڕەکەچەڵ: ٤٥).

ئارەقەی  سور و زەرد دەردەدەن لە شەرمان.(کوڕەکەچەڵ: ٤٥).

(دەنکە هەنارە) چونکە وەکو دەنکە هەنارە سورو جوان بوو (دەنگە هەنارە: ٤٦).

(دەنکە هەنارە) چونکە وەکو دەنکە هەنارە جوان و سور بوو (دەنگە هەنارە: ٤٦).

**دووەم: جۆرەکانی ئاوەڵناو لە ڕووی دارِشتنەوە:**

**١.سادە:**

ئەو جۆرەکانی ئاوەڵناوەیە بە بەتەنیا لەیەک ووشە پێک هاتبێ واتە (بێ پاشگر و بێ پێشگر) (دزەیی،٢٠١٤، ٧٩). بۆ نمونە: بەفرێکی زۆر باری بوو چیاکانی سپی کردبوو. (دێدە کەچەڵ:٤٦).

**٢.ناسادە:**

ئەو ئاوەڵناوەیە لە وشەیەک و بەندێک وە یان دوو وشە پێکهاتبێ بۆیە ناسادە دەکرێ بە دوو بەش:

**أ- ئاوەڵناوی دارِژاو:**

لە ووشەیەکی سادە لەگەڵ پێشگرێک یاخود پاشگرێک دروست دەبێت یان هەندێک پێشگر و پشاگر هەن دەچنە سەر (ناو، ئاوەڵناو، کردار)ی سادە، وەک:

- (ئاوەڵناو + پاشگر)، وەک: توکن، وورگن، ترسنۆک.

شێوەیەکی تریش هەیە بۆ دروست بوونی ئاوەڵناوی دارِژاو وەک:

- (پێشگر + ئاوەڵناو) وەک: ژنێکی ڕەشی ناشیرن منداڵێکی بە دەستەوە بوو. (ئاسکە:١٥٩).

**ب- ئاوەڵناوی لێکدراو:**

ئەمەش بریتیە لە لێکدانی دوو ئاوەڵناوی سادە یان دوو ووشەی واتاداری سادە، کە شێوەی دروست بونەکەی زۆر شێوەی هەیە کە ئەمانەی خوارەوەن وەک:

- ناو + ئاوەڵناو: ڕوو ڕەش (یەک بە دە:٢٢)، (عادەت وا بوو ئەگەر بچیتە پشت پیاوی ڕیش سپی و بە قەدر کەس قسەی لەگەر نەدەکرد (سۆرەی چاوشین: ٢١١)
- ناو + ئاوەڵناو: کچی چاوشین و پرچ زەردی جوانم دەبێ)(سێ خوشک: ٣٩)
- ، سۆلی بنە و شان بەرەی چاو ڕەشان (مریشکە قوڵە: ١٦٤).
- ئاوەڵناو + ناوی شوێن ڕەشماڵ. (زەنجیلە و بەنجیلە:٤٢)
- ناو+ ە + ئاوەڵناو: وای چەند خۆشە قەمپارەکم لەو باسکە سپیەم بدەیێ (چیرۆکی ددان ئاسنە: ٢١-٢٢).

- ناو +ە+ ئاوەڵناو + ە :مادام هەر دەڕۆی ئەو جاشکە شینە لەگەڵ خۆت ببە. (مەرقەد:٨٠

- ناو+ی+ئاوەڵناو:ئەسپی ڕەش بە هەموو کەس پەیدا نابێ. (شاری پەریان:١٢٠)، گیای شینم لە بن ددانییە(زەنجیلە و بەنجیلە:٤٢)،

- ئاوەڵناو + ی+ ئاوەڵناو:ژنێکی ڕەشی ناشیرن منداڵێکی بە دەستەوە بوو. (ئاسکە:١٥٩)

- ئاوەڵناو + ڕەگی کار: ڕەشیان پۆشی (مەحەمەد پاشا: ٩٧)

- ئاوەڵناو + ەی+ ناو+ ئاوەڵناو: سۆرەی چاوشین کە کچێکی قەرەجە دێتە سەر ئاوەکە. (هێلکەی نامێ:١١١)

- ئاوەڵناو + ئاوەڵناو:هەر هەندەیان زانی پیاوێکی ڕیش سپیان لێ پەیدا بوو. (شێخ ئیسماعیل:٥٤).

- ئاوەڵناو + و + ئاوەڵناو :بلێ (داوی سپی و ڕەش تێک ئالا). (ئەحمەد و محمد: ٢٦)، ئەو پاشایە کچەکەی هەموو شتێ بە ڕەش و سپی دەبینێ (مەحەمەد پاشا: ١٠٤).

**ج- پلەکانی ئاوەڵناو:**

بەراورد کردنە لە دووپلەدا، پلەی بەراورد کردنی ئاسایی و پلەی بەراورد کردنی باڵا(دزەیی،٢٠١٤، ٧٩).

١. پلەی بەراورد:

پلەی بەراورد کردنی ئاساییە، بە خستنەسەری (تر) دروست دەبێت وەک:

- زیرەک: زیرەک تر
- جوان: جوانتر

دەیوت: پەنجەی بچوکت بمژم یان براکانت بکوژم، تا دەهات فاتمە خان لاواز تر و زەردتر دەبوو، (حەوت برا: ٥٩)

٢. پلەی باڵا:

ئەمەش پلەی بەراورد کردنی باڵایە، مەبەست زیاد کردنی (ترین) وەک:

- زیرەک: زیرەکترین
- جوان: جوانترین

**فەرهەنگی ڕەنگ لە کوردەوەرایدا:**

مەبەست لە فەرهەنگی رەنگ لە کوردەواریدا، کۆکردنەوەی وشەی مەتەل و ئیدیۆم شعر و پەندی کوردییە کە پابەندن بە رەنگەوە ، چونکە جوانی کوردستان و هەوەست و ماتەمین و خۆشی و ناخۆش و باری سیاسی و کۆمەڵایەتی وئابووری و رەوشەنبیری رەنگیان لە نێو نەتەوەی کورد دەوڵەمەندکردووە (شێخانی،٢٠١٣،ل٣).

رەنگ لە نێو کوردا بەشێکە لە ژیان ئەگەر رەنگ نەبێ ژیان نابێ، ژیان بەرەو پێشەوەناچێ. ڕەنگ زمانێکی بێ زمانە، خۆی مانا بەخشە (ئەوەتا رەنگی رەش ماتەم دارە زەرد و سورو شادی بەخشە شین و سەوز ئومێد بەخشە. رەنگ مرۆڤ دەخاتە دونیای خۆشی و شادی و دڵفرین و رەنگ هەتوانی دلی خەمبارانە ئەوەی لە رەنگ نەگات لە ژیان ناگات.

رەنگ نەخۆش و ساغ لە یەکتری هاوێر دەکات، تورە و خەجالەت دیاری دەکات، وشە هاوتای زۆرە وەک (شین کەوو کەوگ) پێدەڵێن، فرە واتاشی گەلەکە ئەوەتا رەنگی سوور مانای مەبەستی یەکجار زۆری هەیە، هەروەها رەنگەکانی تریش خۆ بەرد ئاوێتەی رەنگە و لە جوانی و قەشەنگی سوودبەخش بووە، بەردە بەنرخەکان لە شعیری شاعیراندا ماناو مەبەستی فرە بەرزی هەیە و دەبێتە فەلسەفە ((وەرە لە علی لەبت ماچ کەم: واتە وەرە سورایی لێوت ماچ کەم)).

رەنگ: گوون: گون: بێز: وەنگ: وەند:

رەنگ: لە وەرزی بەهار کەوانەیەکی رەنگاو رەنگ لە ئاسمان پەیدا دەبێ لە هەندێ ڕۆژی خۆر و باراندا لەو کاتەدا چەند دلۆپێکی کەم ئاوی باران دەبارێت و ڕووناکی خۆر بەناویاندا تێپەڕ دەبێت حەوت کەوانەی ڕەنگاو ڕەنگ پەیدا دەکات ڕەنگەکانیش لەمانە پێکهاتوون:

(١. سوور ٢. پرتەقالی ٣. زەرد ٤. سەوز ٥. شین ٦. نیلی (خومی) ٧. بنەوشەیی).

ئەمە جگە لە سێ ڕەنگە بنەڕەتیەکە کە ئەمانەن: (١. سور ٢. شین ٣. زەرد)

ئەمانە ڕەنگی بنەڕەتین و دەتواندرێت لەم سێ ڕەنگە هەموو ڕەنگەکانی تر دورست بکرێت.

نەتەوەی کورد لە ڕەنگ زۆر دەوڵەمەندە هیچ نەتەوەیەک هەندێ کورد دەوڵەمەند نییە لەبەر دوو هۆی سەرەکی یەکیان، سروشتی و جوانی کوردستان کە بەهەزارەها ڕەنگی تێدایە، هەر ڕەنگێک لە بابەتێکەوە هاتووە، خۆڵ ۆ گڵی جۆرە ڕەنگێکە، دارو و دەوەنی لەهەر وەرزێکا جۆرە ڕەنگێک خۆی دەنوێنێت،خالی دووەمیان، ڕەنگی ئاژەڵە، ئاژەڵ لە کوردەواریدا هەریەکەیان ڕەنگێکیان هەیە،ئەمە لەلایەک لە لایەکی ترەوە لێکچوانی یا

وەرگرتنی رەنگ لەناو بابەت و شتی ترەوە وەک (قورقوشمی: لە ڕەنگی قورقوشم وەرگیراوە) بۆیە کورد زۆر سوودی لە رەنگ بینیوە.

بۆ زیاتر روونکردنەوەی رەنگ لە فەرهەنگ بەم شێوەیەی خوارەوە باسیان دەکەین:

رەنگ و دڵ و دەروونی مرۆڤ:

ڕەنگ کاریگەری زۆری لەسەر دڵ ودەروونی مرۆڤ هەبووە لە ژیانی خێزانی و کۆمەڵایەتیدا (گوتە)ی فەیلەسوف سەبارەت بەکاریگەری رەنگەکان بۆسەر ناخی مرۆڤ دەڵێت رەنگەکان دەتوانن هەستی مرۆڤ ببزوێنن و بخولقێنن، بۆیە هەر حەوت رەنگ بنەرتیەکان لەخۆشی و شادی و لە سەرکەوتن و ژێر کەوتندا، لە زماوەند و پرسەدا هێمای بەرچاون و رۆڵی کاریگەری خۆی دەبینێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. ڕەنگی بۆر و خۆڵەمێشی و تەلخی بێ شەوق کاریگەری لەسەر دەروونی مرۆڤ دەکات بێ زەوقی دەکات بەتایبەتی لەناوچەی گەرمیان و بیابانەکاندا.
٢. رەنگی کراوە تۆخ نا: ئارەزووی مرۆڤ دەبزوێنێ وەکو مرۆڤی ناوچە کوێستانییەکان.
٣. ڕەنگی کەسک: لەسەردەمی کۆنەوە لایەنی سومبلێکی گرنگە و رەنگی کەسک لە شێوەی ئومێد دانەوە و سەرنج دان بۆ گۆرانکارییەکان لەبەرچاو گیراوە، رەنگی کەسک نیشانەی سورشت بووە سروشتیش نیشانەی خۆشەویستییە.
   (زەوی کەسک و ئاوی پاک و رووخساری خۆش)
٤. رەنگی شین: نیشانەی زیادی عەقڵ و ژیری و داوێن پاکییە.
٥. رەگی سور: سۆمبولی عەشق وئالای ئاگرە.
٦. رەنگی زەرد: نیشانەی دەولەمەندی و دەسەڵات و داراییە، هەروەها هێمای چەوسانە دژی تاریکی.
٧. رەشو وەنەوشەیی: نیشانەی خەمباری و تازیەبارییە.
٨. سپی: نیشانەی پاکیی و ئاشتەواییە، و بەڵام رەنگیکی ساردە. (شێخانی ،٩،٢٠١٣) .

**ناوی رەنگ:**

ناوی رەنگ: هەموو بوونەوەرێک لە گیاندار و بێ گیان، روح لەبەر و بێ روح ، ئەوەی لەو گەردوونەدا بوونی هەیە ناوی تایبەتی خۆی هەیە، رەنگیش بەهەمان شێوە ناوی تایبەتی خۆی هەیە. ١.سپی٢. زەرد٣. سوور ٤.شین

بۆنمونە: ڕەنگی چێڵ – مانگا: ڕەنگی زۆرە:

سیمەرۆ: قەشان: گای ڕەش و نێوداوان سپی

١. حەوت ڕەنگەکەی پەلکە زێڕینە هەریەکەیان ناوی خۆیان هەیە وەکو (سور و زەرد... هتد) (١. سوور ٢. پرتەقالی ٣. زەرد ٤. سەوز ٥. شین ٦. نیلی (خومی) ٧. بنەوشەیی)

٢. لە نێوان دوو ڕەنگا ڕەنگێک دروستبووە وەکو (بۆر).

٣. لەهەر شوێنێک ناوی تایبەتی خۆی هەیە وەکو (شین) لە گەرمیان (کەوە، کەوگ، کەو)ی پێدەڵێن.

٤. وشەی هاو واتا بۆ یەک ڕەنگ( ئابی ، ئاوی ، عابی، شین ڤەبووی، شین ئاسمانی) هەموویان مانای شینی ئاوی دەبەخشن.

٥. لێک چواندن: بۆدیارکردنی ڕەنگ بەکارهاتووە، وەکو (فستقی، کەسکی ئاجوغ، باینجانی، ڕەشی مۆر، جەرگی، سوری تۆخ).

٦. ڕەنگی ئاژەڵ هرەیەکەیان ناوی ڕەنگی تایبەتی خۆی هەیە.

٧. ناوی ڕەنگی میوە و دار(س.پ٢٠١٣ ،١٠).

## ڕۆڵی ڕەنگەکان:

ڕەنگەکان ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە پێکهێنانی ژیانی بوونەوەر، ئەگەر ڕۆڵی ڕەنگ نەبێ ژیان نابێ، چونکە بوونی ڕەنگەکان زۆر بابەتی ورد و کاریگەر دیاردەکەن و باش و خراپ،ترسناک،خوشی و غەمباری و هەست بەرز و کات دیاریکردن و گەشبینی و ڕەشبینی و هەوڵ وتەقەلا و ئاشتی و ئاسایش و بژێوی ژیان لە ڕۆلی ڕەنگدا بەدیدەکرێت.

ڕەنگ و ناسینەوە و پۆلین کردن:

ڕەنگ و ناسینەو پۆلینکردن: ڕەنگ جگە لە جوانی سروشتی خۆی بۆ ناسینەوە و پۆلینک ردن بەکارهاتووە و ناسینەوە و پۆلین کردن دیاری ئەکات و جێگیریان ئەکات وەک: (شێخانی ،١٠،٢٠١٣-١١).

١. بۆ ناسینەوەی پەڕەندە و مەل کەر ڕەنگەکە (مەل) پۆلین دەکات هەریەکەیان لە شوێنی خۆی.

٢. بۆ ناسینەوەی مرۆڤ و پۆلین کردنی وەک: مرۆڤی سوور و سپی و ڕەش و وزەرد.

کاریگەری ڕەنگ لەسەر مرۆڤ:

ڕەنگەکان کاریگەرییەکی زۆر و بەرچاویان کردۆتە سەر ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ کە بەهۆی هەستی بینین و جیاوازی ڕەنگی ئەو تەنانەی کە ڕۆژانە بەکاریدەهێنێ

لەیەکتریان جیادەکاتەوە، هەروەها ڕەنگەکان کاریگەرییان کردۆتە سەر دەروونی مرۆڤ. (س.پ ،٢٠١٣،١٢)

١. خێرایی لێدانی دڵ.

٢. کرانەوە و نوقاندنی چاو.

٣. جیاوازی لەهەناسەندان.

٤. جیاوازی وێنەی بەیانی کە مۆخ تۆماریان دەکات.

**ڕەنگەکان پێکهاتوون لە دوو کۆمەڵ:**

١. **ڕەنگی گەرم:** ئەم ڕەنگانەن کە ڕەونەقدار و بریقەدارن بەواتایەک (خۆشی و شادی و رووناکی و بەختەوەری) دەبەخشن، چونکە (ئاگرو خۆر و خوێن) چاوگی گەرمن، ڕەنگەکانیش ئەمانەن: (زەرد، سورد، هەناری، مۆر).

٢. **ڕەنگی سارد:** ئەو ڕەنگانەن کە هێمن و خامۆشن بەواتای خەم و سێبەر و تاریکی کلۆلی و زستان دێن چونکە (ئاسمان و ئاو و چاوگی ساردن)، ڕەنگەکانیش ئەمانەن: (سپی، سەوز، شین).

ڕەنگ و نەخۆشی:

ڕەنگە گەرمەکان ئەم کاریگەریانەیان هەیە لەسەر نەخۆش

١. ڕەنگی سور بۆ نەخۆشی (کەم خوێنیَ) سوودی هەیە کە دەبێتە هۆی زیادبوونی خرۆکە سوروەکانی خوێن وزیادبوونی کێش و باش بوونی باری تەندروستی.

٢. ڕەنگی پرتەقالی وەک ڕەنگی سور وایە وروژێنەکانی گەدە چالاک دەکات.

٣. ڕەنگی زەرد بۆ چارەسەکردنی بێهێزی گشت لەش بەسوودە و بۆ ئارامکردنەوەی باری هەڵچوونیش بەسوودە.

٤. ڕەنگی سەوز ڕەنگی گەشبینیە، (شێخانی ،٢٠١٣،١٢).

ڕەنگی سروشتی:

ڕەنگی سروشتی: بریتییە لە ڕەنگەکانەی کە گەل بوونیان ڕەنگەکانیان هەیە و ڕەنگەکی جوانین و دەستکاری ئەم ئەوینین ڕەنگی دڵرفێن و جوانن، کاریگەرییان لەسەر ناخی مرۆڤ و سروشتدا هەیە ڕەنگەکان قەشەنگی و جوانی خۆیان هەیە وەکو ڕەنگی بەرد و جۆرەکانی و ڕەنگی خاک و ئاو ، بەفرو هەرورو ،ئەستێرەو ، مانگ و، ڕۆژو،

کولکە زێرینەو، گیا و گوڵ و ، دارودەوەن، ئاژەڵ و پەلەوەر و ماسی و مارو زیندەوەر و مێرلوولە و مرۆڤ ئەمانەش لە رەنگا لق و پۆپی زۆریان لێ دەبێتەوە.

**رەنگ و ناوچە:**

رەنگ و ناوچە: هەر ناوچەیەک جۆرێک رەنگی تایبەتی خۆیان هەیە و رەنگێک کاریان لێکردووە و رەنگێکیان خۆشدەوێت،چونکە کاریگەری لەسەر ناخی مرۆڤەکان هەیە بۆیە رەنگەکەی خۆشدەوێت، دانیشتوانی کوێستانییەکان: هەمیشە ئارەزووی رەنگی شەفاف و ئالووالا و رەنگی گەرمیان خۆش دەوێت و کاریگەری لەسەر دەرونیان هەیە و دەبێتە هۆی بزوێنەری ناخیان لە زەوقیان  رەنگ دەداتەوە.

**رەنگ وهاندەری مرۆڤ:**

رەنگ هاندەری وزەی مرۆڤە، ڕەنگ بزوێنەری جەستەی مرۆڤە، کۆلەکەی تەمەنی درێژی مرۆڤی کوردە، ئامانجی خەبات گێڕانە، خۆلق وزەوقی نیگار کێشانە، بنەوانی تێکۆشانە بۆ سەربەستی و ئازادی، رەنگ سەراپای ژیانە(شێخانی ،٢٠١٣،١٤).

**رەنگ و رامیاری:**

رەنگ لەرووی رامیاری کاریگەری سەرەکی هەبووە بەتایبەتی لەلایەن ئەو حزب و گروپانەی کە خۆیان لە پێناو چەوسانەوەی میللەتەکەین هەوڵین داوە،رەنگی تایبەتییان هەڵبژاردووە کە گوازرشت لە ئامانجی سیاسی ئەو حزب و گروپانە دەکات، بەتایبەتی حزبە کوردییەکان و حزبی کرێکاری و حزبی شوعی و حزبە چەپەکان رەنگی (سوور، زەرد و شین و سپی) بەشدارییان هەبووە.

١. رەنگی زەرد: رەنگی روناکیە دژی چەوسانەوە و تاریکی بەتایبەتی رەنگی زەردی خۆر کە تاریکی لەناو دەبات وەک هێمایەکە بۆ دروشمی رزگاری.

٢. رەنگی سور هێنای بەرخودان  وقوربانی دانی خەلکی چەوساوە و حزبە چەپەکان کە رەنگی خوێنی تێکۆشەر و شەهیدانە.

٣. رەنگی سپی: هێمای ئاشتییە لە نێو حزب و گروپی سیاسی و بۆ نیاز پاکی و نیشانەی ئاشتەواییە.

٤. رەنگی سەوز: هێمای بژێوی ژیان کە حزبەکان لە ئالاکەیان دەیکەن بەبەشێک بۆ ئەوەی کە بژێوێی ژیانی خەڵک دابین دەکەین.

ڕەنگی شادی هێن

ڕەنگی شادی هێن: ڕەنگی جوان و هەوەس بزوێن و دلخۆشکەرییە.

ڕەنگی خەماوی

ڕەنگی خەماوی: ئەو ڕەنگانەی کە بۆ تازییەباری بەکاردەهێنرێت یان بۆ غەمباری بەکار دەهێنرێ وەکو ڕەنگی ڕەش.

ڕەنگی خەم گرتەن: ڕەنگی خەماوی بووە ڕەنگت خەم گرتەن جەمت جام.(خانا : ٢٤٧)

ڕەنگی نەگۆر

ڕەنگی نەگۆر: ڕەنگی نەچێتەوە و وەگکو خۆی بمێنێ: ڕەنگی چەسپاو.

ڕەنگی سامال

ڕەنگی سامال: ڕەنگی ئاسمانی: ڕەنگی شینی ئاسمانی

ڕەنگی تێکەڵاو

ڕەنگی تێکەڵاو: چەند ڕەگێکی تێکەڵ بەیەک کە جوانییەک بگەیەنێ.
ئەی ئەو چاوە کاڵ و بریفەدارە، ئەلێی سێ چوار ڕەنگ لە جوانی تێکەڵ بەیەک کراوە.

ڕەنگی مردی

ڕەنگی مردی: ڕەنگێک جوانی و ڕەونەقی خۆی نەمابێ: ڕەنگێک مات بووبێ و بریسکە و ڕەونەقی خۆی نەمابێ

ڕەنگی مردیە: ڕەنگی مردووە: ڕەنگێک
ڕەگ و نیشانەی ڕەنگ نیشانەی ڕەنگ لەبارینی باران دیاردەدات، ئەگەر اوی باران (ڕەشکاو)ی هەبوایە لە گۆم و قۆرتەکان ئەوا ئەوساڵ دەغل و ڕەنگ لێی دەدا: واتە ڕەشکاوەکە دیاردەکرد، کە ڕەنگ لە گەنم و جۆی دەدا ڕەنگ هەیە یان نە.

ئاغ ڕەنگ

ئاغ ڕەنگ: ڕەنگی خاک: ڕەنگی خۆل.

ڕەنگی شارستانی:

ڕەنگی شارستانی: ڕەنگ و ڕووی جوان و پاک و خاوێن کە دوور بێ لە (تاو گازیو) ماندوو بوون.
ڕەنگی شارستانی گرتن: ڕەنگی شارستانی گرتن سەرو بەرگی ڕۆمیانییە بۆخۆشی ڕەنگی شارستانی گرتییە.

رەنگی ئاسایی

رەنگی ئاسایی: رەنگی تەبیعی: خۆر رەنگ

رەنگی جوان

رەنگی جوان: دژی رەنگی کرێت: رەنگی سەر سوڕهێنەر
بەهار هاتەوە بەرەنگی جوانی... ناڵە شکێنە

رەنگ لە جوانی ئەندامی ئافرەتدا

جوانی ئافرەت لە رەنگی چەند ئەندامێکی لەشیدا هەیە کە قەشەنگی تەواو ئەبەخشن:

١. سپێتێ: سپیاتی: بۆ جوانی پێست و ددان و دەست ددەگوترێ.
٢. ڕەشیەتی: رەشاتی: بۆ جوانی چاو و برۆ و برژانگ و پرچ.
٣. سوورێتێ: سووراتی: بۆ کولم و لێو و نینۆک دەگوترێ.

رەنگی هەمەرەنگ

رەنگی هەمەرەنگ: رەنگی رەنگاورەنگ: زۆر رەنگ

ئەی پرتەوی رەنگت وەکو رەنگی

رەنگ و کاریگەری لەسەر ئافرەت

بۆ دەرهاوێشتنی مادەی (ئەدرینالین) کە پاڵنەرێکە بۆ چالاکی و هێز، رەنگی خۆلەمێشی نیشانەی خۆشیو ئارەزووی گەرم و نزیک کردنەوە بەکاری بهێنە.

رەش و سپی هەستێکی پڕ هێز و پاراستنت دەداتێ و وات لێدەکەن، کە بەرو جدیەت و نزیک بوونەوە لە ئاگادار کردنەوە بیت. لە بۆنەکان و بۆنەی شەوان و یەکتر ناسین بۆیەکەم جرا زەرد وات لێ دەکات کە مۆخت کاربکات و والبەرابمەریشت دەکات کە لێت نزیک بێتەوە.

رەنگی سەوز یارمەتی جێگیربوونت دەدات.

پرتەقالی نیاشنەی خۆشی و گالتە و هەستی بەرەو پێش چوونە و خەمت لە بیر دەباتەوە.

رەنگی بریقەدار:

رەنگی بریفەدار: بریتییە لەو رەنگانەی کە لە سروشتدا بریقەدارن لە دوورەوە شەوق ئەداتەوە و جریوەی هەیە یان لە رەنگا بریقەی خۆی دەبێ رەونەق دارە.

رەشی بریقەدار: رەنگی رەش کەلەدوورەوە دەبریقێتەوە و شەوق دارە. لەشی رەشی بریقەدارە(بالندە:١١٥).

کەوەی بریفەدار: شینی بەبریقە و بەشەوق و ڕەونەق دارە.

ڕەنگە کات و جوانی:

ڕەنگی کات بووە بە ڕەنگی گەردنی جوانی، ئەویش ڕەنگی ڕۆژهەلات شاعیری گەورەی کورد خانای قوبادی بۆ گەردەنی زەرد و جوانی بەکارهێناوە.

طلوع صوبح: ڕۆژهەلات: ڕەنگی ڕۆژهەلات

گەردەن طلوع صوبح: گەردەنی زەرد وەکو ڕەنگی ڕۆژهەلات.

گەردەنش طلوع صوبح بلوورەن

دووڕەنگ:

دووڕەنگ ١- ڕەنگێک لەگەڵ ڕەنگێکی تر: ڕەنگ و ڕەنگ بەیەکەوە جوانییەکی بێ وێنە دەبەخشن بەتایبەتی ڕەنگی زەرد و ڕەنگی سوور زۆر بەیەکەوە هاتوون و بەیەکەوە زۆر قەشەنگن و لە شعری کوردیش زۆر بەکارهاتووە، وەیان دوو ڕەنگی تر بەکارهاتوون وەکو (بەفر وخوێن) لە جیاتی (سپی و سوور).

ڕەنگ و ئایین:

ڕەنگ بوویتە هۆی ئەوەی کە پیاوی ئایینی هەموو ئاینێک وەکو مەلا و حاجی و سەید و قەشە و شەماشە و فەپیر و هیتر هەریەکەیان ڕەنگێک بەکار دەهێنن، بۆ ناسینەوەی مێزەری سپی:

١. ڕەگی سپی: بە هێمای مەلا و پیاوی ئایینی و لە قوماشی سپی بەکار دەهێنن لەسەری دەنێن، وەک جلگ لەبەری دەکەن چونکە هێمای ئاشتییە.

٢. حەلالی: قوماشێکی زەرد پیاوی حاجی لەسەری دەنێن.

٣. کەسک: سەوز: پایوی سەید- قوماشی سەوز لە پشتی یان لەسەری دەنێن و هێمای سەیدانە.

٤. قەشە: سەراپای جلی ڕەشە پیاوی ئایینی دیانان.

٥. فەقیر: پیاوی ئایینی یەزدیان جلی سپی لەبەر دەکەن.

٦. شەدەی سەوز: شێخ و سەید لەسەری دەنێن.

ڕەنگ و ئاگادار کردنەوە :

ڕەنگ بۆ ئاگادار کردنەوە بەکاردێت بەتایبەتی لە شارەکان کە لە (ترافیک لات) سێ ڕەنگی سەرەکی دەبینین

١. سەوز: بۆ ڕۆیشتنە.

٢. سۆر: بۆ راوەستانە.

٣. زەرد: واتە ئامادەبە بۆ ڕۆیشتن

هەرسێکیان ڕۆیشتن ڕێک دەخەن بە شێوەیەکی زۆر جوان.

ڕەنگ و کارتی دیاری:

کارتی دیاری: ڕەنگی کارتی یاری دوو ڕەنگە

١. کارتی سوور: ئاگادرا کردنوەیە لەلایەن ناوبژیوان بۆ یاریزان کە هەلەیەکی گەورەی کردبێ هێمای دەرکردنە.

٢. کارتی زەرد: یاریزان هەلەیەکی بچووکی کردبێت.

ڕەنگی مووی مرۆڤ و تەمەن:

ڕەنگی مووی مرۆڤ: تەمەنی مرۆڤ دیاری دەکات.

مووی ڕەش:

١. هێشتا مووی سپی نەبووە پیرنەبووە.

٢. مووی ڕەش لەسەر و سمێلی نەمایە، واتە ئەختیارە

رشیی بۆز: واتە ریشی ڕەشو سپی واتە تەمەن نزیک ٥٠ ساڵ

بەشینی بۆزە من سوژدە دەبەم بۆ جەماڵی تۆ (هێمن).

ردێنی ماش وبرنج: واتە تەمەن لە پلان.

تازە مووی ڕەشم لێدەهات: واتە جاحێل بووەم.

مووسی سپی: واتە مووی سەر و ریشتی سپی بوو بێ

مووی سپی کەوتبووە ردێنی.

رەنگ و هەرەشەلێکردن:

١. دەبێ پرچی سپی بهونێتەوە: بە کچێک دەوترێ، واتە ناهێلم مێردی بکات.

٢. دەبێ سەری لە ماڵی بابی سپی بکات: واتە نابێ مێردی بکات.

هاوڕەنگ

هاوڕەنگ: رەگ لە وشە هاوتادا هامرەنگ: هەڤرەنگ

چەند رەگێک وەک پاشگرێک یەک واتا دەبەخشێ وەک:

رەنگ زەردبوون: رەنگ سپی بوون، رەگ پەڕین، رەەگ هەڵبڕەکان رەنگ گۆڕان.

ڕەگ قرمزی: رەنگ رەگ سوور

رەنگ کەوە: رەنگ شین

رەنگی فۆلکلۆری :

رەنگی فۆلکلۆری: بریتییە لەو رەنگانەی کە لە زۆر کۆنەوە بۆ کورد ماوەتەوە خاوەنی دیارکیراوی نییە.

رەنگەکان لە گیا وخۆل وز رەنگی هەندێ دارو هەندێ بەرد دەهێنراون زۆر زیرەکی و وەستایی بەکارهێنراون و سوودی لێ وەرگیراوە لە رەنگی (جاجم و رەنگی مافور و رەنگی کلاو رەنگی پوزەوانە و رەنگی کرد و رەنگی دەسرازە و رەنگی نەخشی لباد و رەنگی کراسی ژنان و رەنگی بەرماڵ و رەنگی هەوری دۆخین، هەوسار، بەرە، دوگرد، خۆی دان، سەرزین، جیخ، کلاو، گۆرەوی، کلاش، لفکە، بەردەقانی، کەژو، رەشکە، سەرکەولەی ولاغ، گورس، بەنقادە، دەسرازە.... .

گوریس: لە خوری و موو ،لوای بەرخ دروست دەکرێ رەنگی (سپی، رەش، بەلەک).

کەژی: چوار پەنجە پانە رەنگی رەشە لە موو دروست دەکرێ.

رەنگی بەردە بەنرخەکان:

رەنگی بەردە بەنرخەکان، هەریەکەیان جۆرێک رەنگی جوان و قەشەنگیان هەبووە، کە سەرنجی مرۆڤیان راکێشاوە، رەنگی ئەو بەردانەیان شوبهاندووە بە لێوی سووری جوان و ددانی سپی و کولمی قەشەنگ و پرچی رەش و گەردەنی سپی لە شیعری شاعیرانی کلاسیکی کوردی زۆر رەنگی داوەتەوە زۆر بە ووردی بەکارهاتو ە بۆ جوانی مشت و مالی زەوقی مرۆڤ ئەو بەردانە بۆ جوان ىقاشی هەنگوستیلە و تەزبیعی جوان بەکاری دەهێنن.

(دوڕ+یاقوت+لاڵ+زمڕ+ چەورو شین+ کوژکەی شین+ پیۆزە+ شەوە+ سەنگی پازار+ دانەمرواری).

ڕەنگی شین:

١. هەشین: کەسپک، کەوور، هۆش، کەوە، خومی، خۆم-نیلی، کەوگ، ماوی، شینکە، ژەنگالی، ژەنگاری، کەوو.

٢. ڕەنگی گیا، سەوزی تۆخ.

٣. بەشێکە لە حەوت ڕەنگەکە.

٤. بۆ تازیە باری بەکاردێ (بەرگی شین).

٥. هێمای زیادی عەقل و ژیر وداوێن پاکییە.

٦. ڕەگی (قەرەیە) واتە ئەوەی بە تەمەن بوایە تایبەتی ژنان ڕەنگی کراسیان شین بوو.

٧. مانای شیوەن دەگەیەنێ.

٨. شینی کاڵ نیشانەی پاکی و ڕووناکی و ژیانەوەن.

٩. ڕەنگی ڕێز لەخۆگرتنە.

١٠. نیشانەی مێشک و بیرکردنەوەیە.

١١. نیشانەی متمانە و کار و تێکۆشانە.

١٢. هەستێکی جوان و ئاسمانی دەداتە مرۆڤ بۆیە ڕەنگی ئاسمان و دەریایە.

ڕەنگی قاوەیی:

١. سووری مەیلەو ڕەش: قاوەیی ڕەنگ: سوپات: بوێر.

٢. قاوەیی ڕەگی تێری هەیە و ئاجوغیشی هەیە.

٣. قاوەیی توند: قاوەیی تێر: قاوەیی تۆخ: پشتی قاوەیی توندە.

لاجانگی قاوەیی توند

قاوەیی مەیلەو ڕەش: قاوەیی ئاماڵ ڕەش.

ڕەنگی سوور:

سۆر: سوور: سویەر: صۆر: قورمز: قرمزی: گوڵی: ڕەنگی خوێن.

١. هێمای شۆرش و قوربانی دانە چونکە خوێنێ شەهیدە.

٢. هێمای تێکۆشانە دژی دایگرکەر و چەوسێنەرانە کە چەند قوربانی دراوە.

٣. هێمای سەرفرازییە چونکە مانای مردنە لە پێناو ڕزگاری.

٤. ڕەنگێکی شاهێدەدەرە بۆ مێژووی خەبات ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سووری شۆڕشین.

رەنگی رەش:

رەنگی رەش: وەنگ: قەرە: تار: نوتەک: قەنوس: زەنگی: قەنووسی: موژگین: تاری: سیا: سیە: سیاە: تاریک: سیاو: سیاون: مشکی: قەڵاخی، ئەمانە هەمووی هاو واتا رەنگی رەشن: لەرهەر شوێن و ناوچەیەک وشەیەک بەارمبەر بە رەنگی رەش هیەە وەکو (دەنگ، قەنوس ...) لەم وشانە زیاتریش هیەە بەرامبەر وشەی (رەش) رەنگی رەش لە نێو کوردا لەسدا سەد خۆشەویست نییە خۆشەویستی رەنگی رەش (ڕێژەییە) زۆربەی رەنگی رەش بۆ ناخۆشی بەکرادەهێنرێ و خۆشی هەموو رەنگەکان دەمژێ هیچ رەنگێک ناداتەوە لە حەوت رەنگی بنەڕەتی کۆلکە زێڕینە نییە سوود و بێ سوودی لەم خاڵانەیە:

١. هیچ روناکییەکی لێوە ناگاتە چاو: لەبەر ئەو ەبە رەش بەدیاری دەکەوێت هەموو رەنگەکان دەمژێت دیوارێک دروست دەکات بۆ مژینی هەموو هێزێک کە بۆی دێت.

٢. زیان ، زەرەر.

٣. جۆرێکە لە هەنجیر.

٤. نیشانەی ترایک و خەم و دڵ تەنگ.

٥. دمۆری (دسەت رەش)

٦. ستەمکاری بەدەسەڵات (کونە رەش)

٧. لە دەروونەوە خەراپ (هەتاو رەش).

٨. زۆر (رەشە خێزان).

٩. خەبەری ناخۆش (قەرەخەبەر).

١٠. بێ ویژدان (دل رەش).

١١. هێمای تازیەباری.

١٢. بەد: خەراب (رەش بین) .

رەنگی زەرد:

١. یەکێکە لە رەنگە پیرۆزەکان چونکە رووناکی بەخشە

٢. نیشانەی ئاگادراییە.

٣. نیشانەی جوانییە (زەرد و زۆل، لە گەردەن زەرد).

٤. کات دیاری دەکات و نیشان دەدات وەک (جۆزەردان، گەنم زەردبوون، زەردەی خۆرئاوا).

٥. نیشانەی پێگەیشتنە (دەغل زەردبوون).

٦. سەرەتای کاتی کارکردن دیاری دەکات (لە ڕۆژهەلاتەوە هاتم)

٧. نیشانەی سەرکەوتنە.

٨. نیشانەی نەخۆشی و لەڕ ولاوازییە.

٩. لای کاکەییەکان ڕەنگەکی پیرۆزە.

١٠. چیای عاسن (زەرد).

١١. نازناوی پیاوی موو زەردە (زەردی).

١٢. نیشانەی دەوڵەمەندی ماددی و دەسەڵاتدارییە.

١٣. نیشانەی ڕۆژی سەرکەوتنە

١٤. ماە: نیشە شاخی زۆر بلندە.

١٥. بە ڕەنگی ئالتوون.

١٦. نیشانەی زانست و زانیارییە (زانست ڕوواکیە، نەزانین تاریکیە).

١٧. نیشانەی برایەتی و تەباییە.

١٨. نیشانەی سۆزە.

١٩. نیشانەی گەشبینی و متمانە و شانازی بەخۆکردن و داهێنانە.

٢٠. خەراپی ڕەنگی زەرد: نیشانەی ترس و لاوازی و نەخۆشی و دڵەڕاوکێییە.

٢١. شەپۆلی درێژی هەیە.

ڕەگی سپی ڕەنگێکی جێگرە و ناسراویشە،بەڵام لق و پۆپی زۆری هەیە، کە بەشداری لە نیشاندانی ڕەنگی سپی دەکەن بە لێکچواندن و یان زۆر سپی لە زۆر بابەتی تر وەرگیراوە وەکو:

پیڤوک: واتە زۆر سپی یان کافوور واتە سپی بێ گەر یان وەکو مینا: واتە سپی سادەی ئاجوغ هتد. ئەم لق و پۆپەم لەسەرجەمی ڕەنگەکان لەگەڵ ڕەنگەکانم نووسیوە بۆ زوو دیتنەوەیان.

ڕەنگی سپی:سپی: چەرمی: چەرموو: چەرمە: سفید، چەرمگ: چەرمێ: سپێی: چەمرووگ کەژ: سۆژ: چوڕ: چەمەی: سۆڵ: گەو: سپی.

لەبەرئەوەی زمـانی کـوردی زۆر دەوڵەمەنـدە لەوشـەی هاوتـا و هەروەهـا لە وشـەی فـرە واتاش زۆر دەوڵەمەندە بوویە بەرامبەر وشەی سپی هاوتای زۆری هەیە.

ڕەنگی سپی واتای یەکجار زۆری هەیە و بۆ زۆر مەبەست بەکارهاتووە وەک:

١. دروشمی ئاشتی و ڕاستییە.

٢. نیشانەی دڵ دەروون پاکییە.

٣. ڕەگێکی ساردە گەرم نییە.

٤. نیشانەی دڵ خۆشییە.

٥. نیشانەی سەرکەوتنە.

٦. نیشانەی پاکی بێ گەردی و زوڵاڵی ویە.

ڕەنگی سەوز:

سەوز: کەس: سەبز: سوز: سەونز: کاسک: کەعسک

پاشان گەیشتنە مەیدانی سەوز و خۆش،( یاشار ،٤٢٢،٢٠١٢)

١. نیشانەی بەردەوامی ژیانە.

٢. نیاشانەی داهات و بەرەکەت وخۆشییە.

٣. نیشانەی ئاوەدانییە.

٤. نیاشانەی فەرحناییە و دژی برستییە.

٥. هێمای جوانی و خۆشی بەهارە.

٦. هەست بزوێنە دەتخاتە دونیای خەیاڵاتەوە.

ڕەنگ لە مەتەڵی کوردیدا:

ڕەنگ لەم مەتەڵی کوردیدا: مانای فراوانتر دەبێ لە بازنە تەسکەکەی خۆی دەچێتە دەرەوە. مانـا و مەبەسـتی فرەوانتـر دەگەیەنێ لە ڕەنگـدا. سـەر سـەدەی دەڕوا وڵاتـی گەورەتـر دەبێ. مـرۆڤ بەرەو بیرکـردنەوەی فراوانتـر دەبـات و ڕەنگەکـان گەشـەدارتر دەکـات، بەڵکـو ڕەنگەکـان دەبـنە هـۆی دروسـت بـوونی مەتەڵ، ڕەنگەکـان تـابلۆی ڕەنگـاوڕەنگی ڕەنـگ لە مەتەڵدا دەنەخشێنن.

١. کراسی کەسک و گۆشتی سوور و هێسکی ڕەشە (شووتییە)

٢. سوورەی سەوز، عەسکەری رەش، رووباری سوور، کلکی ئە وشارە چەقۆیە (شفتییە).

٣. دەیرای سوور بە ماسی رەش (شووتییە).

رەنگ لە ئیدیۆمدا:

رەنگەکان لە تێکڕایی لە ئیدیۆمی کوریدا مانای گەورە دەبەخشن، واتە رەنگەکان ئیدۆم دروست دەکەن و مانای ئیدۆم دەبەخشن، کە مانایەکی سادە نییە و پڕ فەلسەفە و مانای پڕ گفت ولفتە خۆشی و ناخۆشی سەربەرزی و شەرمەزاری دڵ تەنگی و خۆشی ، زاڵم ستەمکار چەوساوە و چەوسێنەر لە ڕەنگ ئیدۆمدا پانتایی بەرفراوانی هەیە بەشدارییەکی تەواو لە دروست بوون یئیدۆمدا دەکەن، داهاتوو ئایندە هەڵدەسەنگێنن.

ڕەنگی ڕەش

میللەتی کورد رەنگی رەشی بۆ زۆر مەبەست لە ئیدۆمی کوریدا بەکارهێناوە چونکە مانای مەبەست دەدات بەدسەتەوە وەکو ئەمانەی خوارەوە:

دڵ ڕەش: هەماو ڕەش، زگ رەش.

رەشە گۆشت: گۆشتی نەرمکی چێڵ و گۆڵک.

دەست ڕش: دمۆر: نیگبەت.

ڕەنگی سپی:

سەرپۆشی سپی: بەفری سەرگەل: تیشکی رۆژی لایبرد لەسەر کەل سەیری سەرپۆشی سپی (شۆ)

مۆی سپی کردم: زۆری شوشتم:

مۆری سپی کردم بە شوشتن ئاوی عەینی شورە شەگ

سەری تێدا سپی کرد: ماویەکی زۆر مایەوە.

سەرم تێدا سپی بوو: زۆر لە کارەکەی مایەوە.

سەری لەو بەزمە سپی کرد: زۆر لەو بەزمە مایەوە.

سەری بوویتە بەفر: سەری سپی بووە.

چەکی سپی: سیلاح ئەبیەز: شەڕی زۆر نزیک لە دیکتری کە بەقەمە و نێزە و سونکی بکرێت.

ماڵی سپی بۆ رۆژی رەش: مالی گەش بۆ رۆژی رەش.

سەری سپی:

١- کەسێک سەر و ردینێ سپی بووبێ.



ڕەنگی سپی:

ئەم ڕەنگە لە کوردەوارییدا جگە لەوەی دروشمی راستیی و ئاشتییە، نیشانەی دڵ ودەروون خاوێنیی و پاکیی و بێگەردیی و زوڵاڵییە، بۆیە دەبینین بەرگی بووک لە مرۆژدا سپییە(کاکەیی.٢٠٠٥، ٢٨).

ڕەنگی سپی دژ بە ڕەنگی ڕەشە و شەوقدەداتەوە و تیشکی رۆژ گەڕێنێتەوە واتە وەرناگرێ بۆیە خەڵکی بە هاوینان بەزۆریی بەرگی سپی لەبەردەکەن (رۆژ) وشەوی مانگەشە و بە (سپی) دادەنرێ، تاریکە شەویش بە (رەش) بۆ گەڵێ لایەن لە بواری چاکە خراپەدا ناوی سپی و رەش هاتووە و بەکارهێنراوە، ئەمەش چەند نمونەیکە لە پەند و شیعر و رەوانبێژیی و فۆڵکلۆری خۆماڵی کە ئەم راستییەمان بۆ دەسەملێنن.وەك ئەمانەی خوارەوە:

**ڕەوانبێژی:**

ڕوو سپییە: واتە کرداری جوان و سەربەرزە، بە مرۆڤێکی چاک و ڕەوشتپاک دەیڵێن کە ئەرکێکی خرابێتە سەروو بە تەواوی رایپەڕاندبێ، دەبینین ژنانی کورد ک ەبەخێرهاتن و چۆن وچاکی لەگەڵ کەسێک دەکەن، لە وەڵمدا پێیدەڵێن ڕووت (سپیبێ) واتە سەربەرز و رووسووربی، ئەمە دەستنیشانە بۆ ئەو پەڕۆ سپییەی کە لە شەوی بووکێنیدا بۆ بووک دادەنرێت، وەکو لەم هەڵبەستە فۆلکۆرییەدا هاتووە:

کچ: ماندوونەبی مام رێبوار

کوڕ: رووت سپی بێ گوێ بە گوار

دەم سپییە: واتە تێگەیشتووە پیاوێکی چاک و زانا و دانایە.

کاغەز سپی دەخوێنێتەوە: بە یەکێکی زیرەک و وریا دەڵێن کە لەشت چاک دەگات و لێبدەکۆڵێتەوە.

ریش سپییە: بۆ پیاوی بەتەمەن و قسەزان و دەوترێ کوێخا عەوڵا ریش سپیی گوندەکەمانە.

دڵی لە کاغەز سپیترە: بە یەکێکی دڵپاک دەڵێن واتە کینە و بۆغز و رقەبەری نازانێت.

سەر سپیە: بۆ پیاو و ژنی بەتەمەنی دینا دیدە دەوترێت.

چوارەم: بۆ ئەسپ و ماین:

سپیلکە یان سپیلک: ئەسپ و ماینی سپی، بۆ خاکی سپیش بەکار دێ.

سپیی بۆرە: ئەسپ و ماینی سپی خاڵڕەش.

سپی بۆز: ئەسپ و ماینی ئاماڵبۆر.

ڕەنگی ڕەش (سیا)

ئەم ڕەنگە لە ناو کوردەواریدا بە شێوەیەگی گشتیی ناپەسەندە، بە شووم و نالەباری دەزانن بەهێزی شەڕی لە قەڵەمەدەدەن، دژ بە رەنگی سپییە، چونکە رەش لە تاریکە شەو و دووکەلی رەش دەچێ، زۆر کەسی پرسەدار رەش، یان رەنگی شین دەپۆشێ، واتە رەنگی رەش رەمزو و نیشانەی ماتەمینی و ناخۆشیی و خەم و پەژارەیە، لە چیرۆکە ئەفسانەکاندا هەیمشە تاریکی نیاشنەی ترس و خراپە و ناخۆشییە، چونکە زۆربەی خراپە لە شەودا کراوە، بۆیە زۆر کەس رقی لە پشیلەی رەش دەبێتەوە، رەنگی رەش تیشکی رۆژ هەڵدەمژێت، بۆیە خەڵکی لە وەرزی زستاندا جلوبەرگی رەش و تاریک دەپۆشن، سەرەڕای ئەمانەیش رەنگی رەش لە هەندێ شوێن و تاریک دەپۆشن، سەرەڕای ئەمانەیش رەنگی رەش لە هەندێ شوێن و جێگا و جلوبەرگدا پەسەندە، بەتایبەتی چاو، بڕۆ، خاڵ.

ڕووڕەش: بە پیاوی خراپ یان تاوانبار یان بەدخوو یان ناپاک دەوترێ.

ڕەشکە و پێشکە: باش نەبینین، رەشایی هاتنە بەرچاو، دەڵێن چاوی ڕەشکە و پێشکە دەکات.

چارەی رەشە: بەیەکێک دەوترێت خوێنی خۆی تاڵکردنبێ و کەس حەزیلێنەکات یان بۆ هەر ئیشێک بڕوات بۆینەبێت وەو ئەوە یکە دەلێن بڕوات دەسیراون وشکی دەکات.

ڕەشو رووت: گۆشتەکەی رەش هەڵگەراوە، لەڕوو لاوازە واتە هەژارە و بەرگی لەبەردانییە.

رەش و سپی لێکناکاتەوە: بە مرۆڤێکی نەزان و ناشرەزا، یان خەخوێندەوار دەوترێت.

دەستی رەشە: بەیەکێک دەلێن هەر شتێکی لێبکرێ یان لێیوەربگرێ زەرەروزیانت تووشبێ، یان بەکەسێک دەڵێن هەر کارێک بکات بشوێنێ.

رەنگی زەرد:

لە کودەوارییدا هەر لە دێرزەمانەوە ئەم رەنگە بە دوو جۆر تەماشا کراوە:

یەکەم: نیشانەی ئاگاداری، جوانی رووناکی، ژانەوە و (غیرە)یە، چونکە کورد رەنگی رۆژ(خۆر)، بە زەرد دەزانێ و کە رۆشنایی و گەرمایی دەبەخشێتە سەرانسەری گۆی زەوی و رووناکی دەکاتەوە، یەکێکە لە چوار هۆ سەرەکییەکانی بەردەوامبوونی ژیان کە

ئامانەن (خاک، ئاو با، گەرمی) کە ئەمیان بەهۆی پرشنگە زەردەکانی رۆژەوە پەیدا دەبیٚ، وەکو زانراوە ئەگەر رۆژ نەبێت هیچ زیندەوەرێک ناژیی و دار ودرەختیش نارۆیٚ، هەروەها ئالی ریٚبازی (یارستان)نیش (زەرد)ە، ک ەبەلایشیانەوە ئەم رەنگە گەلیٚ پیرۆزە.

دووەم: نیشانەی لەرو لاوازیی و نەخۆشیی و مردن و برسیٚتی و نەبوونی و پەژارەیی و شەرمەزاری و چارەگلۆلییە ئەگەر هات و یەکێکیمان بینی رەنگی زەرد هەلٚگەرابوو، یەکسەر بۆمان دەردەکەویٚت ئەو کەسە یان نەخۆشە یان تووشی کیٚشەیەک، مەترسییەک، هەر ناخۆشییەک بووە، بۆیە رەنەگی وازەرد هەلٚگەراوە.

ڕەنگی سوور لە زمانی کوردیدا لەم بوارانەدا بەکاردیٚ:

بۆ جوانیی و رازاندنەوەو خۆشیی و لەشساخی

بۆ شایی و زەماوەند و بەرگی بووکێنی

بۆ سەربەزیی و داوێنپاکی

بۆ ئازایی و دلێریی و جوامێری

بۆ مرۆڤی تەماحکار

بۆ تورەبوون وسەلٚکردنەوە و شەڕ و خوێنرشتن و کوشتارو یاخبوون و گەرما و ائگر و هەریڤەیەک، بۆیە هەر شوێنێکی بڤەە سوراینکردەووە بەنیشانە.

ڕەنگی سەوز (کەسک):

رەنگی سەوز بەلای کوردەوە بەشێوەیەکی گشتی نیشانەی ژیان، هاتی، خیٚر، بەرەکەت، ئاوەدانییە، رەمزی بەهار، نەورۆز، گولٚ، گیا درەخت، خشی، شادی سەیران، بووژانەوەیە، خەمپەڕێن و ئارام و سروەت و بەدەمار دەبەخشیٚ، بۆیە مرۆڤ تەماشاکردنی ئەم ڕەنگە و وەرزی بەهاری ناو سەوزەزتر و چەم و نزار، کێلگە و دارستان و باخچەکان دەکات و لە مالٚیشەوە گولٚ و درەخت و چیمەن و دەروێنیٚ بۆ ئەوەی بەبینینیان تاویٚ بحەویٚتەوە و لە باری تووڕەبوون و دلتەنگیی بێتەوە سەر بارودۆخی خۆی.

سەوز بە لای کوردی موسلٚمانەوە رەنگێکی فرە پیرۆزە بۆیە دەبینین هەموو مزگەوت، تەکیە، خانەقا، گومەزی پیاوچاکان سەوزەکراوون، ئەگەر هەر کەسێکیش بچێتە تەواغی هەر شەخسێک لەویٚ تیلماری یان پارچە قوماشێکی سەوزی بچووکی بە تەبەرۆک دەدەنیٚ، هەروەها فورئانی پیرۆزیش لە هەموو مالٚێکدا بە پارچەیەک قوماشێکی سەوز دادەپۆشن، سەوز نیشانەی هەموو سەییدەکانی کورد و ناکوردی موسلٚمانە، ئەمەش

هەنـدێ لەو بەرهەمە فولکلۆرییـانەیە کەوا نـاوی ڕەنگـی سـەزی تێـدا بەجـوانیی و بەزەقـی بەرچاو دەکەوێت.

هۆنراوە:

ئەمشەو لە خەوما، لەسەر حەزی بووم

عاشق وە باڵای، سوخمە (سوزێ) بووم

ڕەنگی شین (کەوە، ماوی)

بەگـوێرەی نەریتـی کـوردەواریی ئەم ڕەنـگە ڕەنگـی قەیـرەیە، ڕەنگـی ڕێـز لە خـۆگرتنە، نیشـانەی ئـاژاوە و خەمـاوەر و پرسـە وکۆسـت و ناخۆشـیی و خراپەکـارییە، بـرا یەزیدییەکان وادەزانن ڕەمز و ڕەنگی شەیتان شینە (شەیتانە شینە)، بۆیە لە کوردەوارییدا لە مالیشەوە دژ بە چاوەزار وئەو جنۆکانەی شەڕخوازن (حەوت چاو و کووژەکە و ژێر پیاڵەی شین) هەڵدەواسن، یان ژنان مورووی شین لە ملدەکەن بەتایبەتی ژنە جوانەکان بۆ ئەوە یلە چـاوی پـیس بەدووربـن، ئەم ڕەنـگە دژ بە ڕەنگـی سـوور و زەرد و سـپیی و مـۆرە، ئەوانەی کەسێکیان مردووبێ (شـین) یـان (ڕەش) دەپۆشـن، شـین و ڕەش لە خراپیـدا دۆسـتی یەکـن وشەی (شین) شیوەن و شین و زاری، شین وشەپۆر دەگەیەنێ، بۆ نموونە کورد و تویەتی، شین و شایی دەستەوایی، واتە : بەشداریکردن لە (شین و شایی)دا بە (دەستوا)ییە، یانی ئەوەی لە خۆشیی و ناخۆشییم بەشداربێت، منیش لە خۆشیی و ناخۆشیی ئەودا بەشداردەبم، هەندێ لەو ژنانەی بەتەمەنن پێیان شوورەییە ڕەنگی بریقەداری وەک زەرد و سور لەبەربکەن، بۆیە جلی شین دپۆشـن، بەتـایبەتی ڕەنگـی شـینی ئاسـمانی، چـونکە شـینی کـاڵ نیاشـنەی پـاکیی و ڕووناکیی و ژیانەوەیە، ئەمە لە لایەکەوە لەلایەکی تریشەوە ئەو ڕەنگە لەگەڵ تەمەنیاندا بە جوانی دەگونجێ.

ڕەنگی مۆر (وەنەوشەیی)

ئەم ڕەنـگە لە کوردەوارییـدا تـاڕادەیەک ڕەمـزی خەم و پەژارەیە، ڕەنـگە تـۆخەکەی لەبـارەی دەروونیـیەوە، نیشـانەی دڵتەنگییە، بەڵام لە هەمـان کاتـدا بـۆ جوانیش بەکارهـاتوە، چونکە چەند جۆرێک (مۆر) هەیە، وەک: مۆری کاڵ، تۆخ، بنەوشەیی، تاد، هەروەها پیاوان و ژنـان لە ڕەنگـی هەنـدێ لە جلوبەرگەکانیانـدا بەکاریـدەهێنن، وەک: کـراس، ئـاوەڵکراس، کۆلۆنجە، سوخمەی قۆڵدار وبێقۆڵ، مشکی مۆر و .... تاد.

ڕەنگـی مـۆر ڕەنگێکـی زۆر تـاریکە و گشـت شـەوق و تیشـکێک هەڵـدەمژێ و دەیگرێتە خۆی، هیچ تیشکێک ڕەتناکاتەوە، لەکاتی پرسە و خەمدا گوڵی مۆر پێشکەش بەخاوەنی پرسە دەکرێت بەتاییەتی لە ڕۆژئـاوادا، سـەرەڕای ئەمەش ئەم ڕەنگە بەلای کوردەوە

جوانە و ژنان جلوبەرگی لێدەکەن و خۆیانی پێدەڕازێننەوە، لە شیعری فۆلکلۆریدا گەلێ ناوی ئەم ڕەنگە بە قەشەنگی هاتووە لەوانە:

بەرگە بەملاوە، کراس چیتی مۆر

خۆ من حاکم نیم، ڕاتکێشم بەزۆر

لێرەدا ڕەنگی مۆر بۆ جوانیی و ناسکی هاتووەتە ناوانەوە

ڕەنگی پەمەیی:

کورد وتویەتی: هەموو ڕەنگێکی تەواوە تەنیا (پەمەیی) ماوە، ئەم پەندە بەتەوسەوە بەیەکێک دەوترێت کە شتێکی بە دەستەوە بێ هێشتا نیوەچڵ بێ، کەچیی وابزانێ تەواوە تەنیا شتێکی کەمی ماوە.

ڕەنگی بۆر:

واتە خۆلەمێشی (خۆڵە کەوە)، گەلێ شت و جێگا و شوێن هەن بەناوی ڕەنگی بۆرەوە، بۆ نموونە :

بۆرەکی: ناوی تیرەیەکی کوردە.

گردەبۆرە: ناوی گردێکە بەرامبەر بە کێوی (پیرەمەگروون) لەسەر ڕێگای سلێمانی و دوکان، هەروەها گوندێکیش هەیە بەناوی (گردەبۆر).

بۆران: تۆف و کڕێوە و باران.

بۆرانی: پێشتی کوولەکە و ماست.

بۆراو: چێشتی گەنمەکوتراو.

بۆرچیل: ڕەشی ئامالْ.سس

بۆر: بۆرچین مێچکە، (مێی) مراویی مالْ.

بۆردومان: بۆمباباران.

بۆرژان: سووکەڵە خەو.

جەوەڵبۆر: ناوی شاخێکە بە چەند کیلۆمەترێک دەکەوێتە ژووری شاری کەرکووکەوە.

بۆرەک و بۆرەکە جرە. ناوی دوو پەلەوەری بچووکن.

هەورەها مانگابۆر، ئەسپەبۆر، سەگەبۆر.

**تەوەرەی دووەم:**

**ئەفسانە**

ئەفسانە چییە؟ ئەفسانە چیرۆک و بەسەرهاتی کۆنن پاڵەوانەکانی کەسانی نائاسایی و ئامێری دەستیان جادووی پڕ هێز بووە، بە چیرۆکی خواوەندەکانیشیان ناسراوە.(حەسەن،٢٠٠٢، ١٦)

**کورتەیەک دەربارەی ئەفسانەی هێلکەی نامێ**

ئەفسانەی هێلکەی نامێ کە هی پرۆفیسۆر دکتۆر مەولوود ئیبراهیم حەسەنە لە ساڵی(٢٠٠٦) چاپ کراوە لە بڵاوکراوەی وەزارەتی رۆشنبیرییە، تا ئێستا تەنیا بەرگی یەکەمی لێ دەرچووە کە ئەم بەرگەش بە دوو بەش وەکو دوو کتێبی سەربەخۆ چاپ کراون لە هەمان ساڵدا.

بەرگی یەکەم بەش یەکەم کە بریتییە لە (٢٢١) لاپەڕە و (٦٠)حیکایەتی تێدایە بەڵام سوود لە(١٩) دانە ئەفسانە وەرگیراوە.بەرگی یەکەم بەشی دووەمیش کە ئەویش (٢٢٤)لاپەڕەیە و (٦٣)حیکایەتی تێدایە و سوود لە(٢٤) دانە وەرگیراوە، چونکە تەنیا ئەوانەمان وەرگرتووە کە ئەفسانە بوون ڕەنگیشیان تیادابووە.

کە ئەم (١٢٣)حیکایەتانە لە ڕێگەی قوتابیەکانەوە کۆ کراونەتەوە و زارەکی بوونە کە داوایان لە کەس و کار و دۆستەکانیان کردووە، بۆیە خەڵکی جیاجیا و ناوچەی جیاواز بەشدارییان لە گێڕانەوەیان کردووە.

ئەم دوو کتێبە بریتین لە کۆمەڵێك ئەفسانە و حکایەتی جۆراوجۆر و بەسەرهات و هەرچەندە ناونیشانی کتێبەکە بەناوی ئەفسانەیە کەچی هەمووی ئەفسانە نییە هەروەک لەژێر ناونیشانی کتێبەکە ئاماژەی پێداوە، ناونیشانەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ناوی یەکێک لە ئەفسانەکانی ناو کتێبەکە بە ناوی هێلکەی نامێ کە لەبەرگی یەکەم دایە.

ئەوەی وا دەکات کە چیرۆکی یان حیکایەتێک بە ئەفسانە لە قەلەم بدرێ یان لە قەلەم نەدرێت بوونی شت و ڕووداوی ئەفسانەییە. وەک بوونی مرۆڤ بە کۆلکەدار دواتر بوونەوەی بە مرۆڤ جارێکی تر، گۆڕانی مرۆڤە بۆ گیانداری وەکو: مەڕ و مەل و کۆتر و ...هەتا دوایی، هەروەها بوونی دێو و درنج و ئەنگوستیلەی ئەفسوناوی و مرۆڤ و گیانەوەری ئەفسوناوی... هەتادوایی.

**ڕەنگ لە ئەفسانەی هێلکەی نامێدا**

دەرکەوتنی ڕەنگ لە ئەفسانە کوردییەکاندا هەڵقوڵاوی بیر و ناخی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردییە کاریگەربوونیانە بەو ڕەنگانە بەڵام نازانرێت بۆ هەندێ لە

ئەفسانەکان بێڕەنگ دەردەکەون و هەندێکی تریان ڕەنگڕێژ کراون هەرچەندە لە ژیانی ڕۆژانەشدا و لەناو ئیدیەم و وشەلێکدراوەکانی تری زمانی کوردی دەیان ڕەنگی تر بوونیان هەیە. تەنانەت فەرهەنگمان هەیە بە دەیان ڕەنگی تۆمار کردووە وەک فەرهەنگی ڕەنگ(٢٠١٣) عەبدولوەهاب شێخانی فەرهەنگی پازاڕ (٢٠٢٢)سەحەر موعێزی بەڵام دەبینین تەنیا (١٠) ڕەنگ لەناو ئەم (٣٣) ئەفسانەیەدا دەرکەوتوون. کە ئەمانەن: (سوور، شین / کەوە ، زەرد، سەوز، ڕەش، قوڵ، سپی، بۆر، قەهوەیی، سەوزایی)

دەرکەوتنی ڕەنگ

دەرکەوتنی ڕەنگ لەڕووی زمانەوە:

دەرکەوتنی ڕەنگەکان لەڕووی پێکهاتەوە :

لێرەدا مەبەستمان لە پێکهاتەی مۆرفۆلۆجییەتی ڕەنگەکانە، لەکۆی ئەو ئەفسانانەی کەڕەنگیان تێدابووە، هەر ئەوەندە ڕەنگەی تێدابووە کە لێرەدا بەپێی ڕۆنانیان خستوومانەتەڕوو:

١. ڕەنگی سادە:

کە لەیەک مۆڕفیمی سەربەخۆ پێکدێت، وەک: (سوور، شین، زەرد، سەوز، ڕەش، قوڵ{قولە}، سپی، بۆر، کەوە)

٢. ڕەنگی داڕێژراو:

کە لەناو ئەو ئەفسانەدا تەنیا دوو وشەی تێدا بوو بە بێ دووبارەبوونەوەیان لە ئەفسانەکانی تردا کە ئەوانیش پێکهاتەکانیان بریتی بوو لەیەک مۆڕفیمی سەربەخۆ و پاشگرێک، وەک:( قەهوەیی، سەوزایی)

٣. ڕەنگی لێکدراو:

کە لەناو ئەو ئەفسانەیەدا تەنیا بەشێوەی دوو مۆڕفیمی سەربەخۆ پێکدێت بە یارمەتی ئامرازی (و) وەک: ( سپی و ڕەش، ڕەش و سپی، زەرد و سوور) ئەمانەش بە بێ دووبارەبوونەوە لە ئەفسانەکانی تردا.

دەرکەوتنی ڕەنگ لەڕووی پلەوە:

١. پلەی ئاسایی:

هەموو ڕەنگەکانی ناو ئەفسانەکان بەشێوەی پلەی سادە دەرکەوتوون جگە لە یەک حاڵەت .

٢. پلەی بەراورد:

لە ناو ئەفسانەکان بەشێوەی پلەی بەراورد تەنیا یەک حاڵەت هەبوو ئەویش ئەمەیە: (زەردتر)

دەیوت: پەنجەی بچوکت بمژم یان براکانت بکوژم، تا دەهات فاتمە خان لاواز تر و زەردتر دەبوو، (حەوت برا: ٥٩)

٣. پلەی باڵا:

ڕەنگ لەناو ئەفسانەکان بەشێوەی پلەی باڵا دەرنەکەوتووە.

دەرکەوتنی ڕەنگ لەگەڵ کەرستەکان:

بەشێوەیەکی کارەکی کارمان لەسەر ڕەنگەکانی ئەم کۆمەڵە ئەفسانەیە کرد بینیمان ڕەنگەکان دەردەکەون وەکو دیارخەرێک لەناو ئەفسانەکاندا، یا بڵێین بۆ ڕەنگرێژکردنی مرۆڤەکان و شتەکانی دەوروبەر، هەر بۆ ئەم کەرستانەی کە لێرەدا پۆلینمانکردوون:

١. مرۆڤ و ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە جەستەی مرۆڤەوە هەیە وەک: (سوار، کوڕ، ژن، کچ، دوژمن، هەوێ، کابرا، نیقاپۆش ، ڕوو، ڕدێن، ڕیش، باسک، چاو، دەم و چاو، ئارەقە، قژ، موو، تاڵە موو)

٢. جل و خشڵ و تفاق: (چلک، جل، مۆری، ئەنگوستیلە، شیر، تیر، حەیزەران)

٣. ماڵ و کەلوپەلی ناو ماڵ: (ماڵ،خێوەت، شت، دەرکە، مەتار، داو، قوفڵ)

٤. سروشت و ئەو شتانەی لە سروشتدا هەن: (چیا، ئاو، گەنم، گیا، گەڵاوگوڵ، چیلکە)

٥. دڕندە و گیانەوەر و ئەو شتانەی کە پەیوەندییان پێوەیان هەیە: (دێو، تاژی، سەگ، ئەسپ، ماین، جاشک، گۆلک، بەران، تەیر، مریشک، قەل، مەل، کۆتر، پەڕ، شیر)

پۆلینکردنی ڕەنگەکان لەناو کۆمەڵە ئەفسانەکەدا

ڕەنگ خۆی واتای نییە بەڵکو واتاکانی ڕەنگ لە خۆوەن لەبەر ئەمەشە بە پێی بوارەکان و نەتەوەکان گۆڕان بە خۆوە دەبینن. وەکو ژمارەی ڕەنگەکان بێ سنوورن دەکرێ واتاکانی ڕەنگیش بێ سنوور بن. (زەنگەنە،٢٠٠٢، ١٩٤)

بە پێی ئامارەکان کورد پتر بایەخ بەم ڕەنگانە دەدات وەک: (سوور، ڕەش، سپی) (زەنگەنە٢٠٠٢، ١٩٤)

ڕەنگەکانیش دەکرێن بە دوو جۆر ڕەنگە بنچینەییەکان و ڕەنگە لاوەکیەکان.

١. دەرکەوتنی ڕەنگە بنچینەییەکان لەناو کۆمەڵەئەفسانەکەداڕەنگە بنچینەیەکان بریتین لە ڕەنگەکانی:( سوور و زەرد و سەوز و شین) ئەو ڕەنگانە خەسڵەتیان هەیە ئەوەیە تێکەڵ نابن سنوورێکی دیاریکراو لە نێوانیاندا هەیە.

**١.ڕەنگی سوور**

❖ بەواتای ئەرێنی و باش هاتووە، وەک:

- گۆلکێکی سووری دەبێت لە ماڵەوە.(حەوت برا:١٠٧)
- ئەگەر من خەڵات دەکەی ئەسپی سوورقوڵم بدەیێ.(شاری پەریان:١١٧)
- (دەنکە هەنارە) چونکە وەکو دەنکە هەنارە سورو جوان بوو.(دەنگە هەنارە: ٤٦)
- جوتیارەکە وتی: بە گەنمە سورەی سەر خەرمانی.(مریشکە قوڵە: ١٦٥)

❖ بەواتای نەرێنی و خراپ هاتووە، وەک:

- دێوەکی سۆر کەرخا برایە خۆ ڕا هات. (میرزا ئەحمەد و میرزا مەحموود:١٩٢)
- دێوەکان بە کوڕەکەی دەرێن، ئەمە سێ دوژمنمان هەیە (سۆر، ڕەش، سپی) دەرێن خینی وامان لۆ بینی چاومان چا دەبێتەوە! (چیرۆکی ددان ئاسنە: ٢١)
- تاقمە خێوەتەک خێوەتی سوور تاقمە خێوەتی سپی تاقمەک خێوەتی ڕەش.(نیقاپۆش:٣٢)

**٢. ڕەنگی زەرد**

❖ بەواتای نەرێنی و خراپ هاتووە

- لەوێندەر بوو چونە ژێر دارەکە دانیشتن کابرای خاوەن گۆلک ڕەنگی زەرد بوو تێکۆچوو.(خوا بۆی ناردووم:١٧)
- دەیوت: پەنجەی بچوکت بمژم یان براکانت بکوژم، تا دەهات فاتمە خان لاوازتر و زەردتر دەبوو. (حەوت برا: ٥٩)
- قولینچکی گچکەی (فاتمە) دەمژێ هەتا ڕۆژەک براکان دەرێن (فاتمە) ئەوە لۆ ئەوها زەرد و لاواز بووی).(سۆرێی چاوشین: ١١٦- ١١٧)

**٣. ڕەنگی سەوز**

❖ بەواتای ئەرێنی و باش هاتووە، وەک:

- بەژن و باڵایەکی جوان و قژێکی درێژی ڕەش و دوو چاوی سەوزی گەش.(مەحەمەد پاشا: ١٠٦- ١٠٧)
- هەموو گەڵا و گوڵیان هەڵوەراند و سەوزاییان نەمابوو.(مەحەمەد پاشا: ٩٧)

٤. **ڕەنگی شین**

❖ بەواتای ئەرێنی و باش هاتووە، وەک:

- گیای شینم لە بن ددانییە.(زەنجیلە و بەنجیلە:٤٢)
- مادام هەر دەڕۆی ئەو جاشکە شینە لەگەڵ خۆت ببە.(مەرقەد:٨٠)

❖ بەواتای نەرێنی وخراپ هاتووە، وەک:

- لەسەر گۆڕی دێوەکە پیازێک شین دەبێ.(خوشکێک و حەوت برا:٩٢)
- سێ چوار بنە پیاز لە جێی شین بوو.(فاتمۆکە: ١٩١)
- هەرو دەرکەکەم لۆ شین کە.(سوڵتان مەحموود:١٤٠)
- کەوە سوارێک لە دوورەوە دێت.(کوڕە کەچەڵ: ٤٥)
- ٥. سور+ شین

❖ بەواتای نەرێنی وخراپ هاتووە، وەک:

- ژنەکە ناوی سوری چاوشین بوو سورەی چاوشین تەماشای کرد.(سوری چاوشین : ٨٢)
- سۆرەی چاوشین کە کچێکی قەرەجە دێتە سەر ئاوەکە.(هێلکەی نامێ:١١١)
- سۆرەی چاوشین کە هەوێی فاتمۆکە بوو.(فاتمۆکە: ١٩٢)
- میرزا ئەحمەدی گۆت تەیرەک هەیە لەناو ڕەزەکەت سور نەبێ شین نەبێ بە هەموو ڕەنگێک خۆی ئەنوێنێ.(سوری چاوشین: ٨٣)

٦. **زەرد + سور**

❖ بەواتای نەرێنی وخراپ هاتووە، وەک:

- ئارەقەی زەرد و سور دەردەدەن لە شەرمان ئەڵێن: کەچەڵە گیان ئێمە کردمان تۆ نەیکەیت.(کوڕە کەچەڵ: ٤٥)

دەرکەوتنی ڕەنگە لاوەکییەکان لەناو کۆمەڵەئەفسانەکەدا ڕەنگە لاوەکییەکان لە ئەنجامی ئاوێزانبوونی ڕەنگە سەرەکییەکانەوە دروست دەبن وەک ڕەنگی: (ڕەش، سپی، قاوەیی، پەمەیی، خۆڵەمێشی...) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە ڕەنگ لە زمانی کوردیدا.

**١. ڕەنگی ڕەش**

- بەواتای ئەرێنی و باش هاتووە، وەک:

- سوارێکی ڕەش نیقاپۆشی ڕەشە ئەسپی ڕەشە تاژی ڕەشە.(نیقاپۆش:٢٣)
- مریشکەکی ڕەش هەبوو.(مریشکەڕەشە:٤٠ )
- پێستەکەی کردە ڕەشماڵ.(زەنجیلە و بەنجیلە:٤٢)
- ئەسپی ڕەش بە هەموو کەس پەیدا نابێ.(شاری پەریان:١٢٠)
- ئێوارە دیتی سوارێک دەرکەوت نیقابی کردیە لەسەر ئەسپەکی ڕەشە.(شێخ ئیسماعیل:٥٦)
- تیر و شێر و هەناری{مەتاری} وە هەمییە ڕەش بوون. (میرزا ئەحمەد و میرزا مەحموود:١٩١)
- لەدوای خۆیان (مریشکێکیان) لە بیر کرد ئەویش مریشکە ڕەشە بوو. (مریشکە ڕەشە: ١٤٦)
- پاسەوانەکان لە بەردەم ڕەشماڵ ئاگریان کردەوە دانشتن بوون. (بەدبەختێکی بەختەوەر: ١٥٥)
- کچەکەش دەروات تا دەگاتە لای سێ ڕەشماڵ. (حیکایەتی بەر ئاگردان:١٣٠)
- ڕۆژێکیان لەگەڵ هەیاس دەچنە ڕاوێ، لایان دا چوونە لای ڕەشماڵێک.(سوڵتان مەحمود: ٧٤)
- ڕۆیشتن تا گەیشتە سەحرایەک لەو شارە نزیک بوو کە سوڵتان مەحمودی لێیە ڕەشماڵیان هەڵدا.(سوڵتان مەحمود: ٧٥)
- ژنەکەش لە ناو ڕەشماڵەکە گوێی لە قسەیان گرت بوو. (بەد بەختێکی بەختەوەر: ١٥٥)

- بەعەجەک ئەگەڕێتەوە بۆ ماڵ ئەڵێ: بە دایکی تامن ماینە ڕەش زین ئەکەم تۆش ئەو کەل و پەلانەم بۆ حازرکە. (کوڕە کەچەڵ: ٤٢)

- بەژن و بالایەکی جوان و قژێکی درێژی ڕەش و دوو چاوی سەوزی گەش. (مەحەمەد پاشا: ١٠٦- ١٠٧)

- سۆلی بنە و شان بەرەی چاو ڕەشان. (مریشکە قوڵە: ١٦٤)

- جادوو کەر شاگردەکانی بانگ کرد و گوتی (بچنە سەر ڕووباری شتێکی ڕەش بە ئاوێ دادێ بزان چییە). (ئەو دێوەی ویستی کوڕی ئاشەوان بکوژێ: ٢٠٦)

- (فاتمە)خانە دەچێتە سەر ڕووبار بۆ ئەوەی گۆشت بشواتەوە قەڵە ڕەشێک دێتە بەردەمی و هەر (قیغە قیغ) دەکات. (حەوت برا: ٥٧)

❖ بەواتای نەرێنی و خراپ هاتووە:

- مەچوونە چیای ڕەش. (ڕاوی چیای ڕەش:١٠٤)

- ڕووڕەشی دنیا و قیامەت بی. (یەک بە دە:٢٢)

- ژنێکی ڕەشی ناشیرن منداڵێکی بە دەستەوە بوو. (ئاسکە:١٥٩)

- هەسپەکێ ڕەش. (میرزا ئەحمەد و میرزا مەحموود:١٩١)

- چلکێت وی یە ڕەش. (میرزا ئەحمەد و میرزا مەحموود:١٩١)

- گورگ گۆتی: سەگێکی ڕەش هەیە نەیهێشتووە هیچ خواردنێک لەو کونە بخۆم. (چیرۆکی دوو برایەکە:١٩٩)

- سەیرێکی دواوەی خۆی دەکات، دەبینێ شتێکی ڕەش لە دواوەی وەکو گولە دێ زۆر بەخێرایی (چیرۆکی کابرایەکی ڕێبوار: ١٥٠)

- شتە ڕەشەکە (گورگ دەردەچێ) (چیرۆکی کابرایەکی ڕێبوار: ١٥٠)

- خۆی فڕەدا بۆ سەر سپییەکە کەوتە سەر ڕەشەکە حەوت تەبەقەی دیکە بردییەوە ژێر زەمین. (ئەحمەد: ٤٩)

- تاقمە خێوەتەک خێوەتی سوور تاقمە خێوسپی تاقمەک خێوەتی ڕەش. (نیقاپۆش:٢٩)

- ئەنگوسیلەیەک دەداتە خوشکەکەی و دەڵێ ئەگەر ڕەش بوو ئەوا ئەمن مردووم ئەگەر سپی بوو ئەوا زیندووم. (کراس ڕەقازی بولبول هەورازی:١٥٤)

- هەموو دەم و چاوی بووە ڕەشی و چاوی تاریک بوو.(چیرۆکی ددان ئاسنە: ٢٢)

- پیرەژنەکەش سحرباز بوو بە کچەکەی وت: ئەگەر ئاوی ڕەش هات خۆت مەشۆ(دەنگە هەنارە: ٤٦)

- لە نزیک قەبرەکەی باوکیەوە خۆی ماتە دەدات و سەیر دەکات، ئەوا ڕەش سوارێک لە دورەوە غار دەدات و بەرەو ئەو دێت (کوڕە کەچەڵ: ٤٠)

- فرمێسکی دادەباراند لە دوری کوڕەکە و سەر تاپای شارەکە جلی ڕەشیان پۆشی. (مەحەمەد پاشا: ٩٧)

- دێوەکان بە کوڕەکەی دەرێن، ئەمە سێ دوژمنمان هەیە (سۆر، ڕەش، سپی) دەرێن خینی وامان لۆ بینی چاومان چا دەبێتەوە! (چیرۆکی ددان ئاسنە: ٢١)

**٢. ڕەنگی سپی**

❖ بەواتای ئەرێنی و باش هاتووە:

- تاقمە خێوەتەک خێوەتی سوور تاقمە خێوەتی سپی تاقمەک خێوەتی ڕەش. (نیقاپۆش: ٣٢)

- شیری سپیم لە گوانیە دەرگام لێ بکەنەوە. (زەنجیلە و بەنجیلە:٤٢)

- بەفرێکی زۆر باری بوو چیاکانی سپی کردبوو. (دێدە کەچەڵ:٤٦)

- کچەکە ملوانکەیەکی دەداتە پۆلیسەکە پێی دەڵێ: برۆ بۆ ماڵی پاشا لە پێش دەرگای ئەگەر ئاوی سپی هات بچۆ ناوی! (دەنگە هەنارە: ٤٦)

- هەر هەندەیان زانی پیاوێکی ڕیش سپیان لێ پەیدا بوو. (شێخ ئیسماعیل:٥٤)

- ئەنگوسیلەیەک دەداتە خوشکەکەی و دەڵێ ئەگەر ڕەش بوو ئەوا ئەمن مردووم ئەگەر سپی بوو ئەوا زیندووم. (کراس ڕەقازی بولبول هەورازی:١٥٤)

- خوینەکەش دەشوا و دەبێتە مۆریەکی سپی و جوان.(مۆری: ٥٤)

- وای چەند خۆشە قەمپارەکم لەو باسکە سپیەم بدەیێ (چیرۆکی ددان ئاسنە: ٢١-٢٢)

- ئەڵێ: ئەحمەد برۆ دوو بەران وا شەڕ ئەکەن یەکێ سپی و یەکێ ڕەش خۆت هەڵدە سەر سپییەکە ئەتباتەوە سەر زەمین، (ئەحمەد: ٤٩)

- برۆ چل شورک چیلکە دریژی هەنارم بۆ ببرە و بهێنە کە چل سوارەکە هەنارەکەیان بۆ هێنا ئەویش سپی دەکات (ئەحمەدە تەمبەڵ: ١١٣)

- ئینجا کچە پاشا کچێکی جوان و سپییە هەردەستێ خۆی ڕوت دەکاتەوە بەرامبەر دەرگە ڕادەوەستێ (ئەحمەدە تەمبەڵ: ١١٣)

- پاش تەعزیە و ماوەکی زۆری پێچوو ڕیش سپی و پیاو ماقولانی پاشا خڕ بوونەوە (گور و سنۆبەر: ٢١٢)

- پیاوێکی ئیختیار ڕدێنی زۆر سپی بووبوو. (مام عەبدوڵلا :٥٢)

❖ بەواتای نەرێنی و خراپ هاتووە:

- دێوەکان بە کورەکەی دەرێن، ئەمە سێ دوژمنمان هەیە (سۆر، ڕەش، سپی) دەرێن خینی وامان لۆ بینی چاومان چا دەبێتەوە! (چیرۆکی ددان ئاسنە: ٢١)

- براکانی تۆ بوون بە پێنج مەلی سپی لە دوورگەیەک ئەژین لە ناوەڕاستی دەریا (کچە ئازاکە: ٧١)

- دەچێتە ناو پاوانی دێوی سپی (چیرۆکی ددان ئاسنە: ٢١)

- هەسپ و شێر و مەتاری وی سپی. (میرزا ئەحمەد و میرزا مەحموود:١٩٢)

- بینی ڕیشی سپی بوو کەچی هێشتا منداڵی نەبوو. (شێخ ئیسماعیل:٥٤)

- دێوەکی سپی وهەسپ و شێر {شمشێر}و مەتاری وی سپی هات.(میرزا ئەحمەد و میرزا مەحموود:١٩١)

- ئەوە پیاوە دەچێ تاکو ئەو کورە بۆ پاشا بێنێ، بەڵام نایهێنێ دەڵێ: پاشا ئەم کورە زۆر سپی بوو بێزم نەهات بۆتی بێنم.(ئەحمەد و محمد: ٢٥)

- کە گەیشتە کن ئەسپەکان دێوەکی سپی پەیدا بوو کوڕی هاویشتە سەرشانی و بردی (گور و سنۆبەر: ٢١٥)

**٣. ڕەش + سپی**

❖ بەواتای نەرێنی و خراپ هاتووە، وەک:

- بڵێ (داوی سپی و ڕەش تێک ئاڵا). (ئەحمەد و محمد: ٢٦)

- ئەو پاشایە کچەکەی هەموو شتێ بە ڕەش و سپی دەبینێ (مەحەمەد پاشا: ١٠٤)

**٤. ڕەنگی قەهوەیی**

❖ بەواتای ئەرێنی هاتووە:

- حەیزەرانێکی قەهوەیی پێ بوو. (فاتیمە و حەوت براکەی:١٨٦)

**٥. ڕەنگی قوڵ**

❖ بەواتای ئەرێنی هاتووە:

- مریشکە قوڵەیەک هەبوو. (مریشکە قوڵە: ١٦٥)

**٦. ڕەنگی بۆر**

❖ بەواتای نەرێنی هاتووە:

- کوڕە کەچەڵە ئێشکی قەبرەکەی باوکی دەگرێ و تەماشا دەکات وا بۆرە سوارێک لە دورەوە دێت (کوڕە کەچەڵ:٤١)

**٧. ڕەنگاوڕەنگ**

❖ بەواتای ئەرێنی هاتووە:

- کانی ڕەنگاوڕەنگی تیایە ئەگەر بێت و من لەو کانیە دا مەڵە بکەم دێمە سەر شێوەی جارانی خۆم و دەتوانین پێکەوە بژین (مەحەمەد پاشا: ١٠٤)

- هەستا چووە پێستی کۆترێکی جوان دڵت نەدەهات تەماشای بکەی هەموو پەڕەکانی ڕەنگا و ڕەنگ بوو (مەحەمەد پاشا: ١٠٥)

- کە گەیشتە ئەشکەوتەکە بینی دەرگای ئەشکەوتەکە بە قوفلێکی ڕەنگاو ڕەنگی گەورە داخراوە.(مەحەمەد پاشا: ١٠٨)

❖ بەواتای نەرێنی هاتووە:

- کچەش دوو تاڵە مووی ڕەنگاو ڕەنگی لە پشتی سەری هەیە. (مەحەمەد پاشا: ١٠٦)

**٨. ڕەنگ**

❖ بەواتای ئەرێنی هاتووە:

- ئەم تەیرە لە پێش چاوی میرزا ئەحمەد و بە هەموو ڕەنگێک خۆی پیشان ئەدا و خوناوی لێ ئەباری (سۆرەی چاوشین: ٨٣)

- کۆتری تریشی کە هەریەکەیان ڕەنگێک بوون لە دەوری بوون.(مەحەمەد پاشا: ١٠٨)

- بەخورامەکەی گۆت: زۆر سەیرە ئەو شتانەی جاران بە ڕەش و سپی دەمدیتن ئێستا هەر یەکەیان ڕەنگی خۆی هەیە (مەحەمەد پاشا: ١٠٧)
- میرزا ئەحمەدی گۆت تەیرەک هەیە لەناو ڕەزەکەت سور نەبێ شین نەبێ بە هەموو ڕەنگێک خۆی ئەنوێنێ (سوری چاوشین: ٨٣).

**دیاریکردنی ڕێژەی ڕەنگەکان**






## ئەنجام

١. لە ڕووی پێکهاتەوە ڕەنگەکان لەناو ئەم کۆمەڵە ئەفسانەیەی کارمان لەسەر کردووە ڕێژەی زۆری بە شێوەی وشەی سادە دەرکەوتوون جگە لە چەند حاڵەتێک نەبێ بەشێوەی وشەی ناسادەیە

٢. لە ڕووی پلەوە ڕەنگەکان هەموویان بە پلەی ئاسایی دەردەکەون جگە لەیەک حاڵەت نەبێ.

٣. لە ڕووی واتاوە ڕەنگەکان بە گشتی

٤. بە واتای ئەرێنی و نەرێنی هاتوون جا چ ڕەنگە بنەڕەتییەکان بێ یا ڕەنگە لاوکییەکان.

٥. ڕەنگی زەرد لەگەڵ هاتنی سوور و شین بە دوایەکدا هەردەم بە واتای نەرێنی و خراپ هاتوون ڕەنگی قاوەی و بۆریش هەرچەندە یەکەو یەک جار دەرکەوتوون بەلام ئەو جارانەش هەر بە واتای خراپێکی بەهێز هاتوون.

٦. ڕێژەی دەرکەوتنی ڕەنگە لاوەکییەکان زیاترە لە ڕێژەی دەرکەوتنی ڕەنگە بنەڕەتیەکان.

٧. لە ڕەنگە بنەڕەکییەکان ڕێژەی دەرکەوتنی ڕەنگی سوور بە پلەی یەکەم دێ ئینجا ڕەنگی شین بە پلەی دووەم و دواتر ڕەنگی زەرد بە پلەی سێیەم دێت.

٨. لە ڕەنگە لاوەکییەکاندا ڕێژەی دەرکەوتنی ڕەنگی ڕەش بە پلەی یەکەم دێ و ڕەنگی سپی بە پلەی دووەم دێ و ئینجا ڕەنگاوڕەنگی بە پلەی سێیەم.

٩. بە پێی ئامارەکانی کە دکتۆر مستەفا زەنگەنە ئەنجامی داوە کورد زیاتر گرنگی بە ڕەنگی سوور و ڕەش و سپی دەدات ، بەلام ئەوەی ئێمە پێگەیشتین لەم توێژینەوەیەدا لەناو ئەو کۆمەڵە ئەفسانەی هێلکەی نامێدا ئەوەیە کە زیاتر ڕەنگی ڕەش ئینجا سپی دواتر سوور دەردەکەوێ.

## سەرچاوەکان


١. عەلی ،جەلال مەحمود،(١٩٨٢).ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا،مطبعە حسام،بەغدا.

٢. شەریف،عبدوالوهاب کانەبی،(٢٠٠٥). فەرهەنگی ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی روون،سلێمانی.

٣. دزەیی ،عبدالواحد موشیر ،( ٢٠١٤).ڕێزمانی کوردی، چاپی یەکەم ،چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

٤. محەمەد مەعروف فەتاح،(٢٠١٠). لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوەو ئامادەکردنەوەی: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، ،چاپخانەی ڕۆژهەلاتو، هەولێر.

٥. باڵندە ،ئەحمەد بەحری،فەرهەنگی باڵندە.

٦. حەسەن،مەولود ابراهیم،(٢٠٠٧). پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی،سلێمانی.

٧. حەسەن،مەولود ابراهیم،(٢٠٠٦). هێلکەی نامێ،بەرگی یەکەم-بەشی یەکەم، چاپخانەی منارە،هەولێر.

٨. حەسەن،مەولود ابراهیم،(٢٠٠٦). هێلکەی نامێ، بەرگی دووەم - بەشی یەکەم، چاپخانەی منارە،هەولێر.

٩. کاکەیی،هەردەوێل،(١٩٨٢). هەڵبژاردەێك لەشیعری فۆلکلۆری کوردی ،بەرگی یەکەم،فاروق حەفیدزادە،چاپخانەی نەورەس،سلێمانی.

١٠. کاکەیی،هەردەوێل،(١٩٩٥). هەڵبژاردەێك لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ناوچەی گەرمیان ،بەرگی دووەم،لەتیف مەجید گلی – هەردەوێل،کاکەیی، چاپخانەی دارالحریە،بەغدا.

١١. کاکەیی،هەردەوێل،(٢٠٠٥). ڕەنگ لە فۆلکلۆری کوردیدا،چ١،چاپخانەی شڤان،سلیمانی.

١٢. کاکەیی،هەردەوێل،(٢٠٠٤). هەڵبژاردەێك لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ناوچەی گەرمیان ،بەرگی سێیەم،ئیبراهیم باجەلان – هەردەوێل،کاکەیی، ئینستیوتی کەلەپوری کورد،چاپخانەی شڤان،سلیمانی.

١٣. شێخانی،عەبدوەهاب ،(٢٠١٣). فەرهەنگی ڕەنگ، چ١،چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١٤. موکریانی،هەژار،(١٩٩٠).هەمبانە بۆرینە، چاپ اول، انتشارات سروش،تاران.

١٥. زەنگەنە،مستەفا،(٢٠٠٢).ڕەنگ لە زمانی کوردیدا، چ١،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر.

١٦. خانای قوبادی ،محەمەد،شیرین و خسرەو .

١٧. کەمال،یاشار،(٢٠١٢).حەمەدۆك،ڕۆمان،و.عبدوڵلا حەسەن زادە،بەرگی یەکەم- بەشی یەکەم، چاپخانەی خانی،هەولێر.

١٨. کەمال،یاشار،(٢٠١٢).حەمەدۆك،ڕۆمان،و.عبدوڵلا حەسەن زادە،چ٣،بەرگی یەکەم- بەشی دووەم، چاپخانەی خانی،هەولێر.

١٩. کەمال،یاشار،(٢٠١٢).حەمەدۆك،ڕۆمان،و.عبدوڵلا حەسەن زادە، بەرگی یەکەم- بەشی سێیەم، چاپخانەی خانی،هەولێر.

# اللون في أسطورة هێلكەی نامێ

## من وجهة نظر لغوية


**الملخص**

تهدف هذه الورقة البحثية، والتي تحمل عنوان "اللون في أسطورة هێلكەی نامێ"، إلى تقديم اللون في الأسطورة من وجهة نظر لغوية. رغم أن الألوان هي في الأساس انعكاسات للضوء ومحايدة وليس لها معنى أو رسالة، إلا أنها أصبحت بالنسبة للأفراد والمجتمعات والأديان حاملة لمعانيها ورسالتها الخاصة. ولا يزال يُنظر إليها على أنها علامة وانعكاس لمزاج الأفراد والمجتمعات. ما يهمنا هنا هو الغوص في قلب الأساطير الكردية حتى نتمكن من جمع الألوان وتسجيلها ومناقشتها من حيث اللغة. يركز هذا البحث على اللون في الأساطير، حيث نحاول أن نبين ما هي الألوان منها مثلا التي ظهرت في مجموعة الأساطير (هێلكەی نامێ) والأساطير الكردية الملونة، وكذلك الألوان الشائعة في هذه الأساطيرهناك ألوان أخرى في ذهن المجتمع الكردي. يغطي بحثنا المجلد الأول فقط، وفي كلا الجزئين تم العمل على ٤٣ أسطورة وتلوينها. يتكون البحث من مقدمة ومبحثين، المبحث الأول يعرض لنظرية اللون من حيث اللغة، ويتضمن: تعريف الضمائر وأنواع الضمائر من حيث المظهر والتركيب والرتبة. قاموس الألوان باللغة الكردية، دور الألوان، الألوان والتعرف عليها وتصنيفها، تأثير الألوان على الإنسان، الألوان والدين، الألوان في الأمثال الكردية، الألوان في الأمثال الشعبية، وأخيرا الألوان في الفولكلور الكردي. الموضوع الثاني يتحدث عن اللون في أسطورة هێلكەی نامێ ، ويتضمن: الأسطورة، نبذة عن أسطورة هێلكەی نامێ ، اللون في أسطورة هێلكەی نامێ ، مظهر اللون، مظهر اللون من حيث اللغة . الألوان عموما لها دلالات إيجابية وجيدة، وكذلك دلالات سلبية وشريرة. بعضها لا يحمل إلا دلالات إيجابية وجيدة. بعضهم كان يقصد فقط السلبية. البند الأخير من الموضوع الثاني هو تحديد نسبة الألوان سواء الألوان الأساسية أو الثانوية. وفي نهاية الدراسة تم عرض بعض النتائج وقائمة المصادر وملخص المناقشة باللغتين العربية والإنجليزية.



**الكلمات الدالة:** *اللون في اللغة، الأساطير، اللون في الأساطير، تحليل الألوان، الألوان الشائعة في الأساطير الكردية.*

# Color in the myth of the Helkay Namee

**Abstract**

This paper, entitled “Color in the myth of the Helkay Namee,” aims to present color in the legend from a linguistic point of view. Although colors are basically reflections of light and neutral and have no meaning and message. However, for individuals, societies and religions have become carriers of their own meaning and message. They are still seen as a sign and reflection of the mood and states of individuals and societies. What is important for us here is to delve into the heart of Kurdish mythology so that we can collect the colors, record them and discuss them in terms of language. This research focuses on color in mythology, in which we try to show what the colors are, for example, that appeared in the collection of myth (Helkay Namee) and colored Kurdish myths, as well as which colors are common in these myths Over other colors in the minds of Kurdish society. Our research covers only the first volume. In both parts, 43 myths have been worked on and colored. The research consists of an introduction and two chapters. The first chapter presents the theory of color in terms of language, including: the definition of pronouns and types of pronouns in terms of appearance, structure, and rank. Dictionary of Colors in Kurdish, the role of colors, colors and their recognition and classification, the effect of colors on human beings, colors and religion, colors in Kurdish proverbs, colors in idioms, and finally colors in Kurdish folklore. The second chapter discusses color in the myth of the Helkay Namee, including: myth, a brief about the legend of the Helkay Namee color in the myth of the Helkay Namee, appearance of color, appearance of color in terms of language. Colors generally have both positive and good connotations, as well as negative and evil connotations. Some of them have only positive and good connotations. Some have only meant negatively. The last item of the second chapter is determining the ratio of colors, both primary and secondary colors. At the end of the study, some results, a list of sources and a summary of the discussion are presented in Arabic and English.

**Keywords:** *Color in Language, Mythology, Color in Mythology, Analysis of Colors, Common Colors in Kurdish Mythology.*